خەسارەتەکانی سەر منداڵانی کار لە ئێران؛

بە ئاوڕدانەوە لە بۆچوونە کۆمەڵایەتی – کەلتوورییەکان

نووسەر: کامیل ئەحمەدی[1]

پوختە

هەژاری و بێکاری بنەماڵەکان یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کاری منداڵانە. ئەم فاکتەرە لەگەڵ ئەو دوو فاکتەرەی دیکە کە ئاماژەیان پێ کرا لە پەیوەندیدایە. بۆ وێنە پێشکەوتنی نابەرانبەر و ناهاوسەنگ دەبێتە هۆی بێبەشڕاگرتنی بەشێکی کۆمەڵگا لە هەندێ سوود و بەرژەوەندی و پێشکەوتنی نایەکسان، کە خۆی فاکتەرێکی سەرەکی و پێشخەری هەژاری و بێکارییە، بەتایبەت لە ناوچە پەراوێزی و ئێتنیکی و ئایینییەکان. کۆمەڵگای ئێران پاش شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت بووبەوە، بە جۆرێک کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ڕێژەی حەشیمەت بە دوو قات بەرز بۆتەوە. بە پێچەوانەی هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت، دۆخی ئابووری گەشەی نەکردووە و بە هۆی کاریگەری گەمارۆ و سیاسەتوانە گشتییەکان لەم ساڵانەی دواییدا ئاستی گەشەی ئابووری دابەزیوە. هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت لە پاڵ گەشەی ئابووری داتەپیوە و بێکاری و هەژاری لێکەوتۆتەوە. لەم بارودۆخەدا بنەماڵەکان بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی بەشێک لە تێچووەکانیان وەک هێزی کار منداڵەکانیان بە کار دێنن. بەدسەرپەرشتی و بێسەرپەرشتی یەکێکی تر لە هۆکارەکانی کاری منداڵانە. هەندێ لە سەرپەرشتانی بنەماڵەکان بە هۆکاری وەکوو تووش بوون بە مادەی هۆشبەر، نەخۆشی و بێتوانایی، ناتوانن کار بکەن و تێچووی بنەماڵە دابین بکەن و سەرپەرشتیاری هەندێ لەو منداڵانە مردوون. لەم بارودۆخەدا بنەماڵە تووشی هەژاری دووقات دەبێ و ئەم هەژارییە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان بچنە ناو پرۆسەی کارەوە. هەژاری بە هۆی بەدسەرپەرشتی و بێسەرپەرشتی پیشان دەدا کە سیاسەتە پاڵپشتییەکانی دەوڵەت بێکاریگەر یان کەمکاریگەرە. ئەم وتارە لە کتێبی "ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی[2]" تۆژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆرەکان، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان کە ساڵی 2021 لە لایەن دەزگای چاپی "ئاوای بووف" لە لایەن ئەم نووسەرەوە بڵاو بۆتەوە، دەرهێنراوە.

وشە سەرەکییەکان: منداڵی کار، خەسارەت، کۆمەڵگا، کەلتوور

---

[1] - تۆژەر و مرۆڤناس، پسپۆری شێوازەکانی تۆژینەوە و خاوەن بڕوانامەی ماستەری خەڵکناسیی کۆمەڵایەتی، زانکۆی کێنت – ئینگلتەرا

kameel.ahmady@gmail.com;
http://kameelahmady.com

[2] احمدی، کامیل و همکاران (1400)، ردپای استثمار در جهان کودکی، انتشارات آوی بوف، دانمارک

پێشەکی

کاری منداڵ[1] دیاردەیەکی جیهانییە کە جۆر و شێوازی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێ، بەڵام بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستی، کاری منداڵ بەو کۆمەڵە کارانە دەوترێ کە زیان بە تەندروستی جەستە، ڕۆح و دەروونی منداڵ دەگەیێنێ و مافی خوێندن و ڕاهێنانی لێ زەوت دەکات. بۆ وێنە دەبێتە هۆی بێبەشبوونی لە چوون بۆ قوتابخانە، یان وازهێنانی ناچاری لە خوێندن یان ناچارکران بە کاری قورس و درێژخایەن هاوکات لەگەڵ خوێندن.[2] ڕاپۆرتی ساڵی 2018ـی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار پیشان دەدا نزیکەی 218 ملیۆن منداڵ لە جیهاندا بوونیان هەیە کە خەریکی یەکێک لە جۆرەکانی کارن. بە پشتبەستن بەم ڕاپۆرتە، دەتوانین بڵێین لە کۆی هەر 10 منداڵ لە جیهان یەکیان منداڵی کارە. بە پێی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی جیهانی کار، وڵاتانی باشووری بیابانی ئەفریقا زیاترین ڕێژەی منداڵانی کاریان لە خۆ گرتووە و بە پێی ئاماری ساڵی 2018ـی ئەم ڕێکخراوە، 29 لە سەدی منداڵانی پێنج بۆ حەڤدە ساڵان لەم ناوچەدا ئیش دەکەن کە زۆربەیان لە بەشی کاری دژوار و زیانبەخشدا خەریکی ئیشن. ئەم بارودۆخە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی باکووری ئەفریقا جیاوازە و لەم ناوچانەدا نزیکەی 5 لە سەدی منداڵانی پێنج ساڵە هەتا حەڤدە ساڵان خەریکی کاری مەترسیدارن، بەڵام لە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بارودۆخی منداڵان جێی نیگەرانییە؛ لە وڵاتانێکی وەکوو هیند و پاکستان منداڵان لە چوارچێوەی گرێبەستی ڕایەت و بندەستی دەفرۆشرێن یان دەدزرێن بۆ ئەوەی لە کێڵگە، کارخانە و کارگە لە کەشێکی کاری نالەباردا کاریان لێ بکێشرێت.[3]

ئاماری ڕاگەیەندراو لە لایەن ڕێکخراوی جیهانی کارەوە بەراوردێکی کەم تا کورتی ڕێژە و حەشیمەتی منداڵانی کار لە جیهانە، چوونکە ڕاگەیاندنی ئاماری وردی منداڵانی کار بە پێی جۆری جیاواز و ئەوەی کە لە هەندێ لە مژارەکاندا شوناسی شاراوەیان هەیە، دەتوانین بڵێین نەگوونجاوە. تەشەنەسەندنی هاوکاتی هەژاری و بە جیهانیبوونی چالاکییە ئابوورییەکان لە جیهان و هەژاربوونی بەشێکی زۆری حەشیمەت، بنەماڵەکان منداڵەکانیان ناچار دەکەن بۆ مانەوەی خۆیان لە هەر کارێک بدەن. بە واتایەکیتر، ئەم فاکتەرە باسکراوانە بۆتەوە هۆی ئەوەی بەشی ئابووری نافەرمی پەرە بسێنێت. بە گشتی لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا، ئابووری نافەرمی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا گەشەی کردووە.[4] بۆ پێناسەکردنی ئابووری نافەرمی هەوڵێکی بەربڵاو دراوە و بۆ ئاماژە کردن بەم بەشە چەمکی جۆراوجۆر بە کار هێنراوە، چەمک-گەلی وەکوو "ئابووری سێبەری"، "ئاوبووری هاوتەریب"، "ئابووری ژێرزەوینی" و "ئابووری نافەرمی".

---

[1] - Child labour

[2] - ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016. Geneva: International Labour Organization Geneva

[3] - کۆرسارۆ، ویلیام ئێی، (1393). کۆمەڵناسیی منداڵی (وێرگێڕانی عەلیرەزا کرمانی و مەسعوود ڕەجەبی ئەردەشێری). تاران: سالس

[4] - Unicef. (2002). innocenti digest: Child domestic work .

خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئابووری نافەرمی لەگەڵ بەشی ئابووری نایاسایی جیاوازی هەیە؛ لە یاسای وڵاتاندا ئەو ئیشانەی کە لە کەرتی ئابووری نایاسایی (وەکوو بەرهەمهێنان و قاچاغی مادەی هۆشبەر) ئەنجام دەدرێ بە تاوان ناسراون، بەڵام کار و چالاکییەکانی کەرتی ئابووری نافەرمی هەمیشە تاوان نییە و بە نایاسایی لە قەڵەم نادرێت. لە بنەڕەتەوە ئابووری نافەرمی بریتییە لە "هەموو ئەو کارانەی کە بۆ دەستخستنی داهاتن و لە لایەن دەوڵەت لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئامادە نەکراون، لە شوێنێکدا کە ئیشی هاوشێوە ئامادە دەکرێت"[1] هەر بەم شێوە لە ئێرانیش لە درێژەی یەک دوو دەیەی ڕابردوودا ئابووری نافەرمی گەشەی بەرچاوی کردووە و بۆتە هۆی هەژاری و نایەکسانییەکی قوڵ.[2]

لەگەڵ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەربڵاو و گۆڕانی ئابووری بژێوی و پەرەسەندنی کەرتی نافەرمی، هاوکات هەژاری، نایەکسانی و چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەری هەژارانی لێ دەکەوێتەوە. چینی لاوازتر لە سۆنگەی ڕەگەز و تەمەنەوە، واتە ژنان و منداڵان زیاترین ڕێژەی کرێکارانی کەرتی ئابووری نافەرمی پێک دێنن. زۆرێک لە پیشەکان لە ئابووری نافەرمیدا دەرهاویشتەی جەستەیی و دەروونی زۆری بۆ منداڵان لێ دەکەوێتەوە. کاری شاراوەی منداڵ لە شوێنی داخراویش جۆرێکە لە کاری مەترسیدار، چوونکە منداڵان لە بەر چاوان ونن و نازانرێ چییان بە سەر دێت. بە جۆرێک کە کارکردن لە کارگەی بچووک، کارگەی ناوماڵ و لە زۆر حاڵەتدا کارگەی نایاسایی و و لە کەرتی ئابووری نافەرمی خەسارەت و زیانی زۆری لێ دەکەوێتەوە، چوونکە منداڵان لە ژینگەی داخراوی کاری ئازادی کردەیی کەمتر بە ئەزموون دەکەن و بۆ بەرگری و چاودێری کردنی خۆیان لە چاو شەقام توانایەکی ئەوتۆیان نییە. بوونی پانتای سەر بەسراو و مەترسیداری کارگەی ژێرزەوینی چەوساندنەوە و منداڵئازاری پتری لێ دەکەوێتەوە. لە لایەکی تریشەوە منداڵان مافی خاوەندارێتی پارە یان حەقدەستیان نییە و لەم ڕووەشەوە دەچەوسێنرێنەوە.

بە گشتی تەشەنەسەندنی کاری منداڵ بیچمی جۆراوجۆری لە خۆ گرتووە کە بریتییە لە دەسفرۆشی و گوڵفرۆشی لە شەقامەکان، ئیشکردن لە فیتەری و ماشین چاک کردنەوە، ئیشکردن لە کەرتە بەرهەم-هێنانەکانی جلو بەرگدووری و ئیش کردن لە کوورەخانەی خشتسازی و تەنانەت زبڵگەڕی. سەبارەت بە کارگە جۆراوجۆرەکان و بارودۆخی کاری منداڵان لەم ژینگانەدا زانیارییەکی کەم لە بەردەستە، چوونکە نازانرێ لە ڕۆژدا چەند کاتژمێر ئیش بەو منداڵانە دەکرێ و چەندە حەقدەست بەم منداڵانە دەدرێت. هەر بۆیە پێویستە جۆرەکانی کاری منداڵ بناسرێ و لە ڕووی شوناس، بارودۆخ و مەترسییەکانی کار تاوتوێ بکرێت. ئامانج لەم توێژینەوەش هەر ئەمەیە. بە واتایەکی تر ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە بریتییە لە: ناسینەوە و خوێندنەوەی جۆرەکانی کاری منداڵان لە سەر ئاستی شاری تاران لە سۆنگەی شوناس، بارودۆخ و لێکەوتەکانی بۆ سەر منداڵان. سەرەڕای ئەوەی بە شێوەی بەربڵاو هەوڵ دراوە لە ڕەهەندی نیشتمانی و جیهانیشەوە ئەم بابەتە لێک بدرێتەوە.

---

[1] - نادری، سەلاحەدین، (1393)، کۆمەڵناسی خەڵکتەوەر و ئەزموونی تیۆری کاستلێز لە بوار کاری منداڵ (توێژینەوەیەکی کردەیی اهوبەشانە لەگەڵ منداڵانی ئەقغانی لە ناوەندی دوستدار کودک مشتاق) گرووپی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئەدەبیات و زانستە کۆمەڵایەتییەکان (زانکۆی باهونەری کرمان بە گێڕانەوە لە ئەنجومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان، 1398، ل 88).

2 - عەرب مازیار ئیزەدی، عەلی، (1398)، ئابووریی نافەرمی و نایەکسان لە ئیران خەسارەتە کۆمەڵایەتی و نایەکسانەکاندا: دووهەمین ڕاپۆرتی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئێران 1388 – 1396. بەرگی 2 (ل 495 – 516)، تاران: ئاگاهـ.

ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە ناسینی جۆرە جیا جیاکانی کاری منداڵ لە سەر ئاستی شاری تاران و دەوروبەریەتی، بەڵام ناسینی هۆکار و فاکتەرە دیاریکەرەوەکانی جۆرە جیاوازەکانی کار، ناسینی شوناس و بارودۆخی کار و ناسینی لێکەوتەکانی جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان بە پێداگریناندن لە سەر مەترسییەکانی کار بۆ منداڵانیش وەک ئامانجی دووهەم ڕەچاو کراوە. بۆ دەستپێڕاگەیشتن بەم ئامانجانەش هەندێ پرسیار ئاماده کرا کە وڵامدانەوەی هەر کامیان توانی هەندێ زانیاری تەواوی لە بارودۆخی منداڵانی کار لە تاران پیشان بدا و هەروەها بە هۆی فرەڕەنگی و بەربڵاوی جۆرەکانی کاری منداڵ لە پێتەخت، دەتوانین ئەم ناسینە تەواوە بۆ سەرتاسەری ئێران و کەڵێنشارەکانی دیکەی ئێران بگشتێنین.

ئەم پرسیارانە بریتین بوون لە:

1. جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵ چییە؟
2. چی فاکتەرگەلێک دەبێتە هۆی کاری منداڵان لە پیشە جۆراوجۆرەکاندا؟
3. منداڵان لە پیشە جۆراوجۆرەکاندا چی تێگەیشتنێکیان لە کاری خۆیان هەیە؟
4. لە پیشە جیاوازەکاندا لێکەوتەکانی کاری منداڵان چییە؟
5. منداڵان لە پیشە جیا جیاکاندا ڕووبەڕووی چی مەترسی و کێشەگەلێک دەبنەوە؟
6. شێوەی کاری منداڵان لە پیشە جۆراوجۆرەکاندا چییە؟

بەرایی لێکۆڵینەوە

ئێدریسکۆڵ[1] لە ساڵی 2017 لە وتارێکی خۆیدا لە ژێر ناوی "چاوخشاندنێک بە سەر کاری منداڵان لە کەرتی پیشەسازی و کانزا لە پێوەری بچووک لە ئاسیا و ئەفریقا"، خوێندنەوەی خێرای داتاکانی سەرچاوە زانکۆیی، سیاسی، و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانی سەبارەت بە کاری منداڵان لە کەرتی پیشەسازی و کانزای بچووک (ASM) لە ئاسیا و ئەفریقا تاوتوێ کردووە. ASM ئاماژە بەو گرووپە بچووکانە دەکا کە لە کەرتی کەمتێچوو، کەمتەکنەلۆژیا، کاری چڕ و پڕوزە ئیش دەکەن. کەواتە دەتوانین لە نێوان کانزای پیشەسازی و بەربڵاو کە زۆریان مۆڵەتیان هەیە لە لایەکەوە کانزا پیشەسازی و بچووکەکان کە زۆربەیان بێمۆڵەتن، لە لایەکی تر جیاوازی دابنێین. هەروەها ئەم وتارە جۆرەکانی کاری منداڵان لە کانزاکانی وڵاتانێکی وەکوو تانزانیا، فیلیپین و ئەندۆنێزیای ناوبردووە. کارگەلێکی وەکوو هەڵکەندنی قوڵکە، کار لە ژێرزەوین، هەڵگرتنی بەردی کانزا و وردکردنیان، چێشتلێنان بۆ گەورەسالان و فرۆشتنی شمەک و خزمەتکردنی گەورەسالەکان کە خەسارەتی جۆراوجۆری جەستەیی و دەروونی لێ دەکەوێتەوە[2]. عەلی

[1] - Dylan O'Driscoll

[2] - O'Driscoll, D. (2017). Overview of child labour in the artisanal and small-scale mining sector in Asia and Africa. K4D Helpdesk Report. Brighton, UK: Institute of Development Studies .

ئیمانزاده له ساڵی 1398 له وتاری "ئەزموونی ژیاوی منداڵانی کاری شاری تەورێز له هەستی تەنیایی" هەستاوە به پێناسه و ڕوونکردنەوەی ئەزموونی منداڵانی کار به شێوازی چۆنایەتی و دیاردەناسی و نموونەگیری کار. له ئەنجامەکانی ئەزموونی منداڵانی کار هەستی تەنیایی چوار ناوەڕۆکی سەرەکی "هەستی تێگەیشتراو"، "جۆرەکانی هەستی تەنیایی"، و "ڕێگەکانی زاڵبوون به سەر هەستی تەنیایی" ناسێنرا. منداڵانی کار ڕووبەڕووی جۆرەکانی هەستی تەنیایی و بەتایبەت تەنیایی ئێگزیستانسیالیست دەبنەوە. هەروەها له ژیانی خۆیاندا هەستی تەنیایی، بێمانایی، بێهیوایی و بەڕەڵاکراوییان هەیە. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین به سەر سیاسەتگەلێکی وەکوو باشترکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئامادەکاری بە-ستێنەکانی خوێندن، فێرکردنی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان و مەعنەوییەتدەرمانی ئەم هەستەی منداڵان چارەسەر بکەین.[1] سەلاحەدین نادری له ساڵی 1393 له تێزەکەیدا له ژێر ناوی "کۆمەڵناسی خەڵکتەوەر و ئەزموونی تێۆری کاستلێز له بواری کاری منداڵان (توێژینەوەیەکی کردەیی هاوبەشانه لەگەڵ منداڵانی ئەفغانستان له ناوەندی دوستدار کودک مشتاق "هۆگری منداڵی تامەزرۆ")" شێوەی کاری منداڵانی ئەفغانستانی تاوتوێ کردووە. ناوبراو لەم تێزەدا بۆ پیشاندانی بارودۆخی منداڵان تێۆری ئیمانوێل کاستلێزی به کار هێناوە و بارودۆخێک پیشان دەدا که تێیدا منداڵان دەکەونه ناو دۆخێکی بێگەڕانەوە و به کونەڕەشەکان ناوی دەبات. لەم نێوەندەدا منداڵانی کۆچبەر، له چاو منداڵانی دیکه، بۆ کەوتنه ناو ئەم کونەڕەشه مەترسییەکی زیاتریان له سەرە و له لایەکی تریشەوە ئایدیای کۆمەڵناسی خەڵکتەوەر یارمەتیدانی ئەم کەسانه و ئاشناکردنیان لەگەڵ بارودۆخی خۆیانه. لەم توێژینەوەدا، به کەڵک وەرگرتن له ئاراستەیەکی پڕۆژەیی و ئاراستەی منداڵ به منداڵ، هەندێ چالاکی به مەبەستی ڕاهێنان، وشیارکردنەوە و به توانا‌کردنی منداڵان ئەنجام دراوە. له پڕۆسەی توێژینەوەدا 23 کچ و 33 کوڕ له ناوەندی هۆگری منداڵی تامەزرۆ (مرکز دوستدار کودک مشتاق) هاوکارییان نواند.[2] تۆلایی و هاوکارەکان له ساڵی 1391 له وتاری "پەیوەندی کاری منداڵ لەگەڵ گەشەی مرۆیی له وڵاتانی پێشنەکەوتوو و ڕوو له گەشه" دیاردەی منداڵی کار و پێوەری گەشەی مرۆییان تاوتوێ کردووە. ئەوان بەڵگه دەهێننەوە که ئەو وڵاتانەی که پێوەری گەشەی مرۆییان له ئاستێکی بەرزدایە ڕێژەی منداڵی کاریان کەمتره و به پێچەوانەوە له هەر شوێنێ ڕێژەی کاری منداڵ له ئاستێکی بەرزدا بێ، پێوەری گەشەی مرۆیی ئەو وڵاته نزمە. ئەم توێژینەوە پەیوەندی کاری منداڵی لەگەڵ گەشەی مرۆیی له سەر ئاستی 65 وڵاتی گەشەنەکردوو و ڕوو له گەشه تاوتوێ کردووە. ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەوە پیشان دەدا هەرچی پێوەری گەشەی مرۆیی له ئاستێکی بەرزدا بێ، ڕێژەی کاری منداڵیش کەمتره و به پێچەوانه. هەروەها به پێی ئەنجامی توێژینەوەکانیان دەڵێن گەیشتن به گەشەی مرۆیی لەگەڵ پێوەری گەشەی مرۆیی بەرز که به شێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ باشبوونی ژیانی مرۆڤەکان هەیە، پێویستی به کەمکردنەوە و بنەبڕکردنی کاری منداڵان له سەر جەم کۆمەڵگاکانه.[3]

---

[1] - ئیمانزاده، عەلی و عەلیپوور، سەریيە. (1398). "ئەزموونی ژیاوی منداڵانی کاری شاری تەورێز له هەستی تەنهایی" خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی ئێران. 8 (2)، 279 – 304.

2 - نادری، سەلاحەدین پێشوو، ل 8.

3 - تووڵایی، حسێن، ڕەفیعی و بیگڵەربیان، ئەکبەر، (1388). پەیوەندیی کاری منداڵان لەگەڵ گەشەی مرۆیی له وڵاتانی پێشنەکەوتوو و ڕوو له گەشه، خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، 9 (35)، 301 – 336.

منداڵانی کار

منداڵانی کار تاقمێک لەو منداڵانەن کە لە دەرەوەی ماڵ خەریکی ئیشکردنن. ئەم چەشنە ئیشانە لایەنێکی بەربڵاو لە جۆرەکانی ئیشی ڕاستەقینە و ناڕاستەقینە، کرێکاری ناپڕۆفیشناڵ، سواڵکردن، بۆیاخچێتی، فرۆشتنی شمەکی بێبایەخ و هتد لە خۆ دەگرێت.[1] بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار و یوونیسێف، هەر مرۆڤێک کە تەمەنی خوار 18 ساڵان بێ و بۆ مەبەستی دەستخستنی داهات خەریکی ئیشێک بێ یان ئیشەکەی لە ئاراستەی چەوساندنەوەی ئەو بە هۆی قەرزی بنەماڵەوە بێ پێی دەوترێ منداڵی کار. بە گوێرەی پۆلێنبەندی تیۆری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، منداڵانی کار بریتین لەو منداڵانەی کە خراپترین جۆری کاری منداڵان ئەنجام دەدەن و یان لە تەمەنی خوارتر لە لانیکەمی تەمەنی یاسایی کار خەریکی کارن. وشەی منداڵی کار ئەو منداڵانە ناگرێتەوە وا کاری سووک و ئاسان ئەنجام دەدەن. بەم پێیە، کاری سووک ئەو کارە نامەترسیدارانە دەگرێتەوە کە منداڵانی تەمەن دوازدە هەتا چواردە ساڵان و لە مەودایەکی زەمەنی کەمتر لە 14 کاتژمێر لە ماوەی هەفتەیەک ئەنجامی دەدەن. مادەی 79 یاسای کار لە ئێران کەسانی ژێر تەمەنی 15 ساڵ وەک منداڵی کار دەستنیشان دەکا و هەرچەشنە چەوساندنەوەی ئەم منداڵانە بە دژی یاسای کار و شیاوی بە دواداچوونی یاسایی دەزانێ و بە کەسانی 15 ساڵان هەتا هەژدە ساڵان بە "کرێکاری مێرمنداڵ" ناو دەبات. بە شێوەی گشتی کاری منداڵ بە کارێک دەوترێ کە منداڵان لە جیهانی منداڵی و ڕێز و پێگەی مرۆییان بێبەش دەکا و بۆ گەشەی و گۆڕانی بیروباوەڕیان زیانبەخشە. بە گوێرەی هەندێ پێناسە، وشەی کاری منداڵان "بەو کارانە دەوترێ کە منداڵان لە قۆناغی منداڵی، دەفرایەتی و ڕێز و جێگە و پێگەیان بێبەش دەکا و بۆ گەشەی جەستەیی و دەروونییان زیانبەخشە" و ئاماژە بەو کارانە دەکا کە ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە:

- لە ڕووی جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی مەترسیدارن و زیانیان بۆ منداڵان هەیە.
- لە حاڵەتەکانی ژێرەوەدا ڕێگری لە خوێندنی منداڵان دەکەن:
- ✓ لە هەلی چوونە قوتابخانە بێبەشیان دەکات.
- ✓ بەر لە کۆتایی هاتنی خوێندن ناچار بە وازهێنان لە خوێندنیان دەکات.
- ✓ یان ناچاریان دەکەن وێڕای چوونە قوتابخانە، کاری درێژخایەن و قورس ئەنجام بدەن.[2]

هەر لەم بوارەدا "خراپترین جۆری کاری منداڵ"[3] بریتییە لە کۆیلایەتی، جیابوونەوەی منداڵ لە باوەشی بنەماڵە، کەوتنە بەر مەترسی و نەخۆشی جیدی، یان بەڕەڵاکران لە سەر شەقامی شارە گەورەکان. ئەوەی کە جۆرە تایبەتەکانی "کار" دەتوانین ناو بنێین "کاری منداڵ" یان نا بەستراوەتەوە بە تەمەنی منداڵ، جۆر و کاتژمێر و کاری ئەنجامدراو، بارودۆخی ئەنجامدرانی و ئەو ئامانجانەی کە لە لایەن وڵاتە جیاجیاکانەوە

---

1 - ئیمانی، نەفیسە؛ نەرسیسیانس، ئیمیلیا (1390)، خوێندنەوەی مرۆڤناسانەی دیاردەی منداڵانی سەرشەقام لە شاری کەرەج. پرسە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران، 3 (1)، 7 – 32.

2 - ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016. Geneva: International Labour Organization Geneva.

3 - Worst forms of child labour

دەگیرێتە بەر. هەر بۆیە وڵامدانەوەی کاری منداڵ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە و هەروەها لە بەشە جیاجیاکانی وڵاتێک جیاوازە.

ئاماری منداڵی کار لە جیهان

ڕێکخراوی جیهانی کار لە ساڵی 2005ـی زایینی هەواڵی حەشیمەتی 246 ملیۆن کەسی منداڵانی کاری دا و ڕایگەیاند لەم ڕێژە 73 ملیۆن منداڵ تەمەنیان کەمتر لە دە ساڵانە و هەموو ساڵێک نزیکەی 22 هزار منداڵ بە هۆی ڕووداوی کاری زۆرەملیوە گیان لە دەست دەدەن. گرینگترین دەستکەوتی هەوڵە جیهانییەکان بۆ نەهێشتنی کاری منداڵ و ڕێگری لە بە کارهێنانی منداڵان لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان دابەزینی بەرچاوی ڕێژەی منداڵانی کار لە ماوەی کەمتر لە پازدە ساڵ بوو. بە جۆرێک کە ڕاپۆرتی ساڵی 2018ـی ڕێکخراوی جیهانی کار پیشانی داوە ئەم ڕێژە بۆ 152 ملیۆن کەس لە جیهان دابەزیوە. بە پێی ئاماری ڕاگەیەندراوی ئەم ڕێکخراوە، هەر ئێستا نزیکەی نیوەی منداڵانی کاری جیهان، واتە 72.1 ملیۆن کەس لە ئەفریقا، 62.1 ملیۆن کەس لە ئاسیا و ئووقیانووسیە، 10.7 ملیۆن کەس لە وڵاتی ئەمریکا، 1.2 ملیۆن کەس لە وڵاتانی عەرەبی، و 5.5 ملیۆن کەس لە ئەورووپا و ئاسیای ناوەندی دەژین. بە واتایەکی تر، لە کۆی هەر 5 منداڵی ئەفریقایی یەکیان منداڵی کارە، لە حاڵێکدا ئەم ڕێژە لە لە وڵاتانی عەرەبی 2.9 لە سەد، لە ئەورووپا و ئاسیای ناوەندی 4.1 لە سەد، لە وڵاتی ئەمریکا 5.3 و لە ئاسیا و وڵاتانی ئووقیانووسییە 7.4 لە سەدە. ڕێکخراوی جیهانی کار ڕایگەیاندووە کە لە کۆی 152 ملیۆن منداڵێک کە بوونەتە قوربانی کاری ناچاری نزیکەی 73 ملیۆن کەسیان سەرقاڵی یەکێک لە پیشە مەترسیدار و زیانبەخشەکانن. زیاترین ڕێژەی کاری مەترسیدار، واتە نزیکەی سێ لە سەر چواریان، هی ئەوانەیە کە تەمەنیان لە مەودای پازدە هەتا حەڤدە ساڵانە. سەرەڕای ئەمە نزیکەی یەک لە سەر چواری ئەو منداڵانەی کە سەرقاڵی کاری مەترسیدارن، واتە نزیکەی 19 ملیۆنیان، لە ژێر تەمەنی دوازدە ساڵانن. بە واتایەکی تر، 48 لە سەدیان تەمەنیان لە نێوان پێنج هەتا یازدە ساڵانە، 28 لە سەدیان دوازدە هەتا چواردە ساڵانن، و 24 لە سەدیان تەمەنیان لە نێوان پازدە هەتا حەڤدە ساڵانە. لەم نێوەدا 70.9 لە سەد لە کەرتی کشتوکاڵ، 11.9 لە کەرتی پیشەسازی و 17.2 لە سەدیان لە کەرتی خزمەتگوزاریدا ئیش دەکەن.[1] بە پشت بەستن بەم ڕاپۆرتە، دەتوانین بڵێین لە کۆی هەر دە منداڵ یەکیان دەبێتە قوربانی کاری ناچاری و وەک دەوترێ وڵاتانی باشووری بیابانی ئەفریقا زیاترین ڕێژەی منداڵانی کار لە خۆ دەگرن، بە جۆرێک کە 29 لە سەدی منداڵانی پێنج هەتا حەڤدە ساڵان لەم دەڤەرەدا ئیش دەکەن کە زۆربەشیان خەریکی کاری قورس و زیانبەخشن. ئەم بارودۆخە لە خۆرهەڵاتی ناڤین و وڵاتانی باکووری ئەفریقا جیاوازە و لەم ناوچانەدا نزیکەی 5 لە سەدی منداڵانی نێوان پێنج بۆ حەڤدە ساڵان خەریکی کاری مەترسیدارن، بەڵام بارودۆخی منداڵانی کار لە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایی جێی نیگەرانیە؛ لە وڵاتانێکی وەکوو هیند و پاکستان زیاتر منداڵان لە چوارچێوەی گرێبەستی ڕایەتی دەفرۆشرێن یان دەدزرێن بۆ ئەوەی لە کێڵگە و

[1] - ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016. Geneva: International Labour Organization Geneva.


کارخانه و کارگەکان لە بارودۆخێکی کاری دژوار کاریان لێ بکێشرێت. هەروەها لەو ماڵانەی کە مافووری تێدا دەکرێ چەوساندنەوەی هێزی کاری منداڵ، بە هۆی قامکە ناسکەکانیان باوە.[1]

خشتەی ژمارەی (1) ڕێژە ڕەگەزی، تەمەنی و شاری و گوندییەکانی منداڵانی کار لە ماوەی ساڵانی 1375 هەتا 1390

ساڵ	کور	کچ	گوندی	شاری	18-15	14-10	کوڕی گوندی	کچی گوندی	18-15 گوندی	14-10 گوندی	کوڕی شاری	کچی شاری	18-15 شاری	14-10 شاری
1375	74.5	26.5	60	40	76	24	71	29	83.5	16.5	84.7	15.3	71	29
1385	77.8	22.2	51	49	85.4	16.5	74	26	90	10	81.2	18.4	80	20
1390	82.5	12.5	50	50	81	11	82.2	17.8	86.2	14.8	82.8	17.2	91.8	8.2

کاری منداڵان لە کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە ئێرانیش باو بووە، بەڵام بە پێچەوانەی ڕۆژئاوا لە سەدەی چواردەهەمی مانگی پرۆسەی پیشەسازی لە ئێراندا دەستی پێنەکردبوو کە منداڵان بچنە کارگە پیشەسازییەکانەوە و ئەم پرۆسە لە سەدەی دواتر، واتە لە سەرەتاکانی سەردەمی ڕەزاشا دەستی پێکرد. بەو پێیەی کە ئابووری ئێران تێکەڵ بە ئابووری جیهانی بوو و دابەشکردنی کاری نوێ بەدی هات، تایبەت بەم دابەشکردنی کارە، منداڵان لە ئێراندا زیاتر سەرقاڵی ئەو ئیشانە بوون کە وەبەر ئێران کەوتبوون. یەکێک لەم کارانە ئیشکردن لە کارگەی تەونکردن وەک پیشەیەکی نوێی کاری منداڵان بوو. ئیشکردن لەم کارگەیانە زۆر قورس و دژوار بوو و بارودۆخی ناو کارگەکان زۆر نالەبار بوو. بە پێچەوانەی ئەوەی کە پیشەسازی تەونکردن لە ئێران بازاڕێکی باشی هەبوو بەڵام تەونکاران لە هەژارییەکی بەرەڵا بوون. سەبارەت بە بارودۆخی کاری منداڵانی تەونکەر هاتووە: "تەونکارانی داماو لە شوێنێکی داخراو و نالەباردا ئیش دەکەن، شوێنی کارەکەیان لە هاویندا داخراوە بۆ ئەوەی گەرمایەکی زۆر نەیەتە ژوورەوە. لە زستانیشدا هەر داخراوە بۆ ئەوەی شوێنی کارەکە گەرما لە دەست نەدا. هەر بۆیە ڕواڵەتی تەونکاران لە نەخۆش دەچێت. هەڵبەت ئەم ڕواڵەتە نەخۆشئاسایە هۆکارێکی دیکەشی هەیە و ئەویش بە هۆی کارکردنی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و شەش ڕۆژ لە هەفتەیە."

[1] - - کۆرسارۆ، ویلیام ئێی، (1393). کۆمەڵناسیی منداڵی (وەرگێڕانی عەلیرەزا کرمانی و مەسعوود ڕەجەبی ئەردەشیری). تاران: سالی



چارتی ژمارە 1 لێکـبڵاوی منداڵان بە پێی کاتژمێری کاری (N= 311)

تیۆرییەکانی پەیوەست بە کاری منداڵ

کەلتووری هەژاری

ویلا[1]، تیلدێر[2] و لینهان[3] لە لێکۆڵینەوە دەروونـاسی – کۆمەڵایەتییەکەیدا ئەم تیۆری و گریمانانە تاوتوێ دەکەن. ئۆسکار لوویز[4] لە چوارچێوەی تیۆری "کەلتووری هەژاری" لە ساڵی 1996 ئەم تیۆرییانەی خستە ڕوو و خستیە بەر تیشکی ڕەخنە. ئەم تیۆرییە چوار گریمانەی سەرەکییە: گریمانەی یەکەم ئاماژە بە بێسەرپەرشتی و بەڕەڵابوونی ئەم منداڵانە لە لایەن بنەماڵەکانیان دەکات. گریمانەی دووهەم منداڵانی کار گرێ دەداتەوە بە هەژاری و ئەنجامی هەژاری بە بەڕەڵاکرانی بێدەرەتانانە دەزانێت. بە پێی ئەم بۆچوونە قەدەرگەرایە، بنەماڵەی ئەم منداڵانە بە هۆی هەژاری ناتوانن لە ئاست منداڵەکانیان پابەندییە ئەخلاقییەکانیان ئەنجام بدەن و ناچارن بۆ دەرەوەی ماڵ هانیان بدەن و بەڕەڵایان بکەن. گریمانەی سێیەم منداڵانی کار بە ئەنجامی کۆچکردن لە دێوە بەرەو شارەکان و لێکەوتەکانی وەکوو هەژاری و پەراوێزنشینی و گۆڕانی پێکهاتەی بنەماڵە دەزانێ کە لەم حاڵەتەدا منداڵانی کار بەرهەمی پەراوێزخرانی بنەماڵە پەراوێزنشینەکانن. گریمانەی چوارەم منداڵی کار بە دەرەنجامی ورده کەلتووری شاری زۆر پەراوێزخراو و لار دەزانێت. لوویس پێی وایە کەلتووری

[1] - Willa
[2] - Tilder
[3] - Leen Han
4 - حسەینی، سەید محسەن، (1383). بارودۆخی منداڵانی کاری و شەقامەکانی ئێران. وەرزنامەی رفاه اجتماعی، 5 (19)، 155 – 173.

هەژاری بە تایبەتمەندیگەلێکی وەکوو قەدەرگەرێتی، بێهیوایی، بێدەسەڵاتی، وابەستەیی، خۆبە کەمزانین و دەربازنەبوون لە هەژاری دیاری دەبێت.[1]

کۆمەڵگاگری منداڵ

چەمکی سەرەکی لە تیۆری کۆمەڵناسی سەبارەت بە قۆناغی منداڵی چەمکی بەکۆمەڵایەتیبوونە. "کەلتوورگری" لەوانەیە بۆ ئەم پرۆسە هاووتایەکی جوان بێ، چوونکە ئەم دێرە بە شێوەی لاوەکی ئەم بابەتە دەسەلمێنێ کە منداڵان کەلتوور و فەرهەنگی ئەو جۆاکە مرۆییەی کە خۆیانی تێدا دەبینەوە قبوڵ دەکەن و وردە وردە وەدەستی دێنن. منداڵان نابێ وەک کەسانێک سەیریان بکرێ کە بۆ بەشداری و دەستێوەردانی جیهانی ئاڵۆزی گەورەسااڵن تەیار کراون؛ منداڵان دەبێ وەکوو بوونەوەرانێ لێیان بڕوانرێ کە بۆ سازدانی پەیوەندی هێدییانە و هێورانە لەگەڵ مرۆڤەکانی تر دەفرایەتی پێویستیان هەیە.

تیۆری منداڵی کۆمەڵایەتی / پێکهاتەیی بەم لێکدانەوە ئاشکرایە ئیشی خۆی دەست پێدەکا کە منداڵان لە هەموو جیهانە کۆمەڵایەتییەکاندا تایبەتمەندییەکی نەگۆڕ و سەقامگیریان هەیە. لەم تیۆرییەدا منداڵان یەکێک لە توخمە پێکهێنەرەکانی هەموو کۆمەڵگاکان وەک کەسانێک تایبەت، بەردەوام، بەرهەست و ئاسایی دێنە هەژمار. لە ڕاستیدا ئەوانە هێمای هەر هەموو تایبەتمەندی، ڕاستی و حەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکانن[2]. هەڵبەت شکۆ و ڕواڵەتیان لەوانەیە لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاواز بێ، بەڵام لە هەر کۆمەڵگایەکی تایبەت، ئەوان یەکدەست و هاوشێوەن. تا ئەم ڕادە ئەوان بەشێک لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان پێک دێنن.

ئەم تیۆرییە بەم گریمانە دەست پێدەکا کە منداڵان کەسانێکی کەمئەندام و بێتوانا نین، بەڵکوو ئەوان گرووپێک لە ئەجێندای کۆمەڵایەتی پێک دێنن، هاووڵاتیانێک بە خواست و مافی تایبەتەوە. لە مۆدێلی منداڵی خاوەن گەشەی کۆمەڵایەتیدا ئێمە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگایەکی پێکهاتوو لە گەورەسااڵنی لۆژیکی و عەقڵانی لەگەڵ منداڵانمان بەدی کرد کە چاوەڕێ بوون کە ڕۆژێ کۆمەڵێ بۆ ناو ڕێوڕەسمی تایبەت بۆ بوونە ئەندام و هەروەها بە کۆمەڵایەتیبوون لەو کۆمەڵگایە پێویست بوون – لە ئەنجامی هەندێ پرۆسەی جیاوازدا ئەنجام بدەن و بچنە ناو کۆمەڵگاوە. لە تیۆری کۆمەڵایەتی پێکهاتەیی، سەقامگیری و بەردەوامی منداڵ و هەروەها پێویستی ئەم تایبەتمەندییە داکۆکی و پێداگری لە سەر دەکرێت. بەم دەستپێکە، تیۆریدارێژە جیاوازەکانی ئەم تیۆرییە تێدەکۆشن بۆ ئەوەی هەم بارودۆخی پێویست و هەم هەڵومەرجی تەواو بۆ قۆناغ و هەڕەتی منداڵی لە ناو کۆمەڵگایەکی تایبەت یان بە ڕاستی بۆ منداڵان بە شێوەی گشتی لێک بدەنەوە. لە ڕوانگەیەکی تردەوە منداڵان هەتا ڕادەیەکی زۆر وەک وتەزایەکی گشتی لە قەڵەم دەدرێن و وا وێنا دەکرێ کە لەو زەخت و سنووردارییەی کە هۆکارەکەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تایبەتە دەرباز دەکرێن. کەواتە منداڵان کۆمەڵێک لە زەینەکانن، بەڵام بیرۆکەیان نە سەرەڕۆیانەیە و نە هەوەسبازانە. ئەم بابەتە لە لایەن کۆمەڵگاوە دیاری دەکرێ و بەم شێوە قۆناغی منداڵی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری دەکرێت.

کۆچ

1 - جەیمز ئالسۆن؛ جێنکس، کڕیس و پروت، ئالێن. (1383). کۆمەڵناسیی هەڕەتی منداڵی. (تیۆریدارێژی سەبارەت بە هەڕەتی منداڵی) (وەرگێڕانی عەلیڕەزا کرمانی و عەلیڕەزا ئیبراهیم ئابادی). تاران: سالس.

2 - Social facts

ئەم تیۆرییە پێداگری لە سەر ئەم ڕەوتە دەکا کە شۆڕشی پیشەسازی سەرمایەداری بۆتە هۆی کۆچکردنی هێزی کار لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان و بەدیهاتنی هێزی کاری زیادە لە شارەکان. ئەنجامی ناچاری ئەم دۆخە هەڵکشانی ڕێژەی بێکاری و کەمکاری و هاندانی هێزی مرۆیی بۆ کەرتی ناپێکهاتووی ئابووری و چالاکی نزمی ئەم خزمەتگوزارییانە بوو کە حەقدەستیان کەمتر بوو. بە هۆی ئەم ڕووداوەوە، ڕێژەیەکی زۆری بنەماڵەکان پەراوێز دەخرێن کە دەکەونە بەر هەموو جۆرەکانی خەسارەت و پرسە کۆمەڵایەتییەکان.[1]

تیۆری دەروونناسیی کۆمەڵایەتی پەیوەندیدار بە کاری منداڵان

تەندروستی دەروون

سەبارەت بە تەندروستی دەروونی ڕوانگەی جیاوازی وەکوو قوتابخانەی ڕەفتارخوازی، مرۆڤخوازی، تۆڕی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی مۆدێلی کاریگەری ڕاستەوخۆ یان کاریگەری سەرەکی و مۆدێلی زنجیرەیی – قەرەبوویی، قسەیان کردووە. ڕوانگەی مرۆڤخوازی لەو باوەڕەدایە کە تەندروستی دەروونی واتە بە دەست هێنانی خواستە سەرەکییەکان و گەیشتن بە قۆناغی خۆگەشەیی. هەر هۆکارێک کە کەسێک لە ئاستی بە دەست هێنانی خواستە نزمەکانیدا ڕابگرێ و ڕێگە لە گەشەکردنی بکا ئەوە دەبێتە هۆی تێکچوونی کەسەکە. بە گوێرەی ڕوانگەی ڕەفتارخوازی، تاک ڕەفتاری ناسازگار وەکوو دیکەی ڕەفتارەکان بە هۆی دووپاتەوە فێر دەبێت. لە لایەکی تریشەوە تەندروستی دەروونیش بریتییە لە ڕەفتاری سازگار (یان سازگار) کە تاک فێری دەبێت. بە پێی ئەم ڕوانگە ڕەفتارخوازییە فێربوونی ناتەواو بە هۆکاری سەرەکی کێشەی دەروونی دەزانێ و لەو باوەڕەدایە کە تەندروستی دەروونی لە ڕێگەی هەرەس‌هاتن لە فێربوونی ڕەفتارە سازگارییە پێویستەکان یان سەرنەکەوتن لە زاڵبوون بە سەر پێگە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە دەکەوێتە ژێر کاریگەری.

چاهێن[2] (1991) تەندروستی دەروونی بە دۆخێک لە پێگەیشتنی دەروناسی دەزانێ کە بریتییە لە: زیاترین کاریگەری و ڕەزامەندی وەدەستهاتوو لە هەمبەرێتی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی کە بریتییە لە هەست و کاردانەوە ئەرێنییەکان بە نیسبەت خۆی و کەسانی دیکە.[3]

مۆدێلی زنجیرە پلەیی – قەرەبوویی پێی وایە ئەگەر تاکەکان پەیوەندییە سەرەتاییە پاڵپشتییەکانیان نەبێ، بۆ وەرگرتنی پاڵپشتی پێوشوێنی پەیوەندی پلە نزم دەکەون. لە ڕاستیدا تیۆری‌داڕێژانی ئەم ڕوانگە پێیان وایە بە هۆی ئەوەی پەیوەندی نزیک لەگەڵ کەسانی نزیک کاریگەرییەکی پتر لە سەر وەرەی مرۆڤ دادەنێ، ئەوان گرووپە یەکەم و نزیکەکانیان لە دیکەی خەڵک پێ باشترە. خاوەن تیۆرییەکانی ئەم ڕوانگە پێیان وایە لە نەبوونی پەیوەندی سەرەتایی بنەماڵە، پەیوەندی پلەی نزمتری وەکوو هاوڕێیەتی، دەتوانێ ببێتە جێگرەوەی

[1] - زەنجانی، حەبیبەڵا. (1380). کۆچ. تاران: سمت.

[2] - Chauhan

[3] - Ventis, L. (1995). The relationship Between religious and mental health. Journal of Social Issues, 15, 33-44

قەرەبووی پەیوەندییە خێزانییەکان.[1] بە پێی خوێندنەوە بەرکاریگەرییەکانی ئەم مۆدێلە، ئەو کەسانەی کە لە تۆڕی پاڵپشتی بنەماڵەدان، کەمتر خەمۆکن و لە تەندروستی دەروونی باشتر سوودمەندن.[2]

هەروەها لە ڕوانگەی ئێدلێر[3]، تەندروستی دەروونی واتە بوونی ئامانجی دیاریکراو لە ژیان، بوونی فەلسەفەی تۆکمەی بەهێز بۆ ژیان، بوونی پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی باش و سەقامگیر، بەسوودبوون بۆ هاوچەشنەکان، بوونی جەسارەت و بوێری و لێبڕاوەیی، بوونی کۆنترۆڵ لە سەر سۆز و هەستەکان، بوونی ئامانجی کۆتایی و گەیشتن بە لووتکە، قبووڵکردنی عەیب و کەمایەسییەکان و هەوڵ لە پێناو چارەسەرکردنی هەڵەکانی خۆی.[4]

تێکچوونی پرۆسەی گەشەی سرووشتی

ژان ژاک ڕۆسۆ، بیرمەندی فەرەنسی و دامەزرێنەری شێوازە نوێکانی پەروەردە و ڕاهێنان، یەکەم کەسێک بوو کە هەڕەتی مێرمنداڵی لە منداڵی جیا کردەوە و لە نیمچە ڕۆمانی ئێمیل تێکۆشا سەرنجی ڕاهێنەر لە بابەتی وانە و فێرکردن بگوازێتەوە بۆ خودی منداڵ، وەک کەسێک کە دەبێ ئەم زانست و تەکنیکانە فێر بێ و بە خستنە ڕووی ئایدیای "منداڵتەوەری" و "منداڵمەداری" هەوڵی دا چاکسازی لە ڕوانگەی کۆمەڵگا بەرانبەر بە منداڵ بکات. بە بۆچوونی ئەو، منداڵ نە ئاژەڵێکی نالۆژیکی و نە کەسێکی گەورەسااڵە بەڵکوو تەنیا منداڵە کە دەبێ پرۆسەی گەشەی سرووشتی تێپەڕێنێت. ژان ژاک ڕۆسۆ، کە بە پێشەنگی دەروونناسی منداڵ دەیناسن، دنیای منداڵی بە جیاواز لە دنیای گەورەسااڵی دەزانێ و پێی وایە منداڵ دەبێ لە جیاوازی، لاوازی و بێهێزییەکانی خۆی ئاگادار بێ، بەاڵم نابێ بە هۆیانەوە ئازار ببینێت؛ ئەو دەبێ فێری هۆگر بوون بێ، بەاڵم نابێ گوێڕایەاڵێکی پەتی بێ؛. ناوبراو پەیتا پەیتا داکۆکی دەکا کە دەبێ بە پێی تەمەنیان هەاڵسوکەوت لەگەڵ منداڵ بکرێ، چوونکە سرووشت بەر لە پێگەیشتن وەک منداڵێک لە منداڵ دەڕوانێ و ئەگەر بڕیار بێ ئێمە ئەم هاوئاهەنگییە بشێوێنین میوەی پێشوەختەمان دەبێ کە تامی نییە و دەکەوێتە بەر مەترسی گەندەاڵ.

ئەگەر ڕا و بۆچوونی ڕۆسۆ لەگەڵ بارودۆخی منداڵانی کار هەاڵسەنگێنین ڕاست تووشی هەمان میوەی پێشوەختە دەبین کە بەر لە تێپەڕاندنی پرۆسەی سرووشتی گەشە هاتوونەتە ناو دنیای گەورەسااڵییەوە. ئەم منداڵانە ڕاست لەو سااڵنەی کە کاری سەرەکی ئەوان فێربوون، وەدەستهێنانی شارەزایی، یاری و ئەزموون وەدەستهێنانە دەبێ وەکوو تاکێکی گەورەسااڵ کە بە هۆی نەبوونی و نەداراییەوە دەناڵێنێ، لە خەمی ناندا بێ و بۆ وەدەستهێنانی داهاتی منداڵی خۆی لە سەرشەقام یان شوێنی کار کاتی بە فیڕۆ بدات.

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی

---

[1] - Cantor, M. (1979). Neighbors and friens: An overlooked resource in the informal support system. Research on agina, 1, 434-463.

[2] - Thoits, P. (1982). Conceptual, methodological and theoretical problems in studying social support as a buffer against life stress. Journal of health and Social Behaviors, 23(2),145-159

[3] - Adler

[4] - بەخشەندە، موجتەبا و نیکپوور قەنەواتی، لەیلا. (1395). بەردی سەر پیادەڕەوەکان زێڕ نییە. تاران: کۆمەڵناسان.

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی کاریگەری کەسانی دیکە لە ژیانی ڕۆژانەی هاوواڵتیان لە بەهێزبوون یان گۆڕانی ڕوانگە و هەڵسوکەوتەکانیان سەرتر دەزانێ کە دەتوانێ وەدەستهێنانی بەها و ڕوانگە و سەرچەشنە ڕەفتارییەکانی لێ بکەوێتەوە. یەکێک لەم تیۆرییانە، تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ئێلبێرت بەندۆرایە[1]. بە پێی ئەم تیۆرییە مرۆڤەکان زیاتری ئەوەی کە بۆ ڕێنوومایی و کردار لە ژیاندا پێویستیان پێیە بە تەنیا لە ڕێگەی ئەزموون و بینینی ڕاستەوخۆ فێری نابن، بەڵکوو زۆربەیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بەتایبەت لە ڕێگەی ژینگەی دەوروبەرەوە فێری دەبن. بڕوای سەرەکی بەندۆرا ئەوەیە کە زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ بە شێوەی بینینی هەڵسوکەوتی کەسانی دیکە و لە ڕێگەی پەیڕەوکردن فێر دەبن.[2]

سەرچاوەی تیۆری کۆمەڵایەتی – ناسینی پێشنیارکراو لە لایەن ئالبێرت بەندۆرا دەچێتەوە سەر ئەو کۆمەڵە توێژینەوانەی کە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی لە سەر هەمان بنەما بیچمی گرتووە، بەڵام زیاتر لە سەر پرۆسەکانی بیرکردنەوەی بەشەر چڕ بۆتەوە. ئایدیای سەرەکی ناسینی – کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە خەڵک بە دیتن فێر دەبن و ستایش و سزای هەڵسوکەتەکانی کاریگەری لە سەر ڕەفتاری ئەوان و چاوەڕوانی بە هۆی ئەو لە بارودۆخی هاوشێوەدا دادەنێت. هەروەها زیاتر ئەو کاتە فێربوون ڕوو دەدا کە تاک هەم هاوسۆزی زۆر و خۆکارامەییەکی[3] زۆریان لەگەڵ سەرچەشن هەیە. تیۆری کۆمەڵایەتی – ناسینی ئەم دیاردە شرۆڤە دەکا کە تاکەکان فێر دەبن و کاتێک کە دەبینن دەکەونە بەر کاریگەری. تیۆری کۆمەڵایەتی – ناسینی جەخت دەکاتەوە کە تاکەکان بە ئەگەری زۆر دەکەونە بەر کاریگەری ئەو سەرچەشن یان سەرچاوە پەیامانەی کە هاوسۆزییان لەگەڵ دەکات. کەواتە توێژینەوەی پێکهاتەیی دەتوانێ بۆ بەکارهێنانی داهاتوو لە پەیامەکاندا ئەم سەرچەشنانە بناسێتەوە. تیۆری کۆمەڵایەتی – ناسینی، هەروەها گرنگی ستایش و سزا تاوتوێ دەکا، پەیامەکانی کەمپەین دەتوانن پەرە بە دەرەنجامی ئەرێنی جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی کەمپەین یان سزادانی بە هۆی بە هەندوەرنەگرتنی کردار یان ئایدۆلۆژیای پێشنیارکراو بدەن.[4]

لە سەر تیۆری ئالبێرت بەندۆرا، ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو هاوتەمەنەکان، گروپە کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکان لە دروستکردن و بیچمە تایبەتمەندییە باش و خراپەکانی تاکەکان دەورێکی دیاریکەرەوە، بەربڵاو و قوواڵیان هەیە. ناوبراو بە پێداگری لە سەر سەرچەشنی فێربوون و بەهێزکردن لە ڕێگەی فێربوونی شاراوە پێی وایە فێربوون لە ڕێگەی بینین دەبێتە کارکرد. بەندۆرا پێی وایە چوار پرۆسەی سەرەکی فێربوونی کۆمەڵایەتی بریتییە لە "سەرنج"[5]، "پاراستن"[6]، "فێربوون"[7] "بەرهەمهێنانی کردەیی[8]" و "پاڵنەر"[9]. بینینی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ڕووداوێک لە لایەن کەسێک خاڵی دەستپێکی فێربوونە. لە ڕاستیدا "بە

---

1 - Albert Bandura

2 - عیوەزی، غوڵامحسێن (1388). شێوازی ژیان، تەڵەڤیزیۆن و بە کارهێنان. وەرزنامەی کەلتووری – بەرگری ژنان و بنەماڵە. 5 (16)، 167 – 143.

3 - Self-efficacy

4 - لیتل جان و فارس. (1394). تیۆرییە نەگۆڕەکان. تاران: چاپخانەی وەزارەتی کاروباری دەرەکی.

5 - Attention

6 - Keep up

7 - Reminder

8 - Practical production

9 - Motivation

ڕەچاوگرتنی ڕووداوێک کە ببینرێ، یەکەمین هەنگاوی فێربوونی کۆمەڵایەتی سەرنج خستنە سەر ئەو ڕووداوەیە. دیارە هەتا ئەو کاتەی کە ئێمە سرنجی ڕووداوێک نەدەین و نەتوانین لە بەشە گرنگەکانی تێبگەین، ناتوانین هیچ لەو ڕووداوە فێر بین"[1] بە واتایەکی تر، ئێمە سرنج دەخەینە سەر ئەو شتەی کە پەیوەندی هەیە بە ناوەندەکانی ژیان، خواست و بەرژەوەندییە تایبەتەکانمان. کەواتە ئەوەی فێر بووین لەبەری دەکەین و بە پاشەکەوتی ناسینەکانی ڕابردوومان زیادی دەکەین بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا وەبیریان بهێنینەوە. ئەگەر ئەو کردەوەی بینیمان لە بیرمان نەبێ، جێبەجێکردنی پەیڕەوکردن نەشیاوە. پرۆسەی وەبەرهێنان واتە بە کارهێنانی کردەیی ئامۆژەکانمان کە خەڵاتکردن و تەمێکردنی لێ دەکەوێتەوە و وەبەرهەمهێنانەوەی دروست ئەنجامی تاقیکردنەوە و هەڵەیە. لە کۆتاییدا پاڵنەر بۆ درێژەدان زیاتر یان کەمتر دەبێت. پاڵنەر، کە بۆ ئەنجامدانی کردەوە گرینگە، بەستراو بە ستایشە.

کۆمەڵگاگری تاکەکان لە لایەن کەسانی دیکە و لە ڕێگەی پەیڕەوکردن و فێربوونی بەهاکان و نۆرمە قبوولْ-کراوەکانی کۆمەڵگا ڕوو دەدات.

خەڵکانیتر زۆر جار وەکوو پردێک لە نێوان ژیانی تایبەتی و جیهانی کۆمەڵایەتی ئیش دەکەن و لە کۆمەڵگاگری ئێمەدا فاکتەرێکی بەهێزن. ئێمە لە ڕێگەی کەسانی دیکەو ناوەندەکانەوە لە خۆمان و پێگەی خۆمان لە کۆمەڵگا تێدەگەین و هەر لە بەر ئەوەش بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و کارکردە کۆمەڵایەتییەکانمان لە کۆمەڵگا ناچارین سرنجی پەیامی کەسانی دیکە بدەین. لە ناوەڕۆکی پەیامەکانیان تێبگەین؛ واتە هەموومان شێوازی هەڵسوکەوت لە پێگە تایبەتییە کۆمەڵایەتییەکان و چاوەڕوانی دەور و ڕۆڵەکان لە کۆمەڵگا فێر دەبین. فاکتەرگەلێکی وەکوو سەرچەشن و فێرخواز دەتوانن لە سەرکەوتووبوون و شکست هێنانی فێربوونی کۆمەڵایەتی دەور ببینن. ئەو هەنگاو و داپەڕانەی کە بۆ ڕوودانی فێربوونی بینراوێک کاریگەرن بریتییە لە:

سرنج: بۆ ئەوەی فێر بن پێویستە سرنج بدەن. هەر شتێک کە سرنجتان بە لاڕێدا دەبا کاریگەری نەرێنی لە سەر فێربوونی بینراو دادەنێت. ئەگەر سەرچەشن سرنجڕاکێش بێ یان لەم هەلومەرجی فێربوونەدا لایەنێکی نوێی هەبێ، بە ئەگەری یەکجار زۆر بە تەواوەتی سرنجتان بۆ فێربوون ڕادەکێشێت.

ڕاگرتن: توانای پاشەکەوتی زانیارییەکانیش بەشێک لە پرۆسەی فێربوونە. ڕاگرتن دەتوانێ لە ژێرکاریگەری چەندین فاکتەر بێ، بەڵام توانای دەرهێنانی زانیاری لە کاتەکانی دواتر و ئیشکردن بە پێی ئەو پرۆسەیەکی گرینگی فێربوونی بینراوەییە.

بەرهەمهێنانەوە: کاتێک کە ئێوە سرنجی سەرچەشنێکتان دا و زانیارییەکانتان ڕاگرت کاتی ئەوە دێ هەڵسوکەوتە بینراوەکە جێبەجێ بکەن. ڕاهێنانی زیاتری هەڵسوکەوتی فێرکراو دەبێتە هۆی باشتربوون و بەرزبوونەوەی ئاستی لێهاتوویی.

پاڵنەر: لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی فێربوونی بینراوێک سەرکەوتوو بێ، دەبێ پاڵنەری ئەو کارەتان هەبێ کە لاسایی (پەیڕەو) ئەو هەڵسوکەوتە مۆدێلییە بکەنەوە. بەهێزکردن و تەمێکردن دەورێکی گرینگی لە پاڵنەریدا هەیە. لە حاڵێکدا کە بە ئەزموونکردنی ئەم پاڵنەرانە دەتوانێ زۆر کاریگەر بێ، بینینی کەسانیتر لە کاتی

1 - تەن، ئەلکسیس ئیس. (1388). تیۆری و تۆژینەوەکانی پەیوەندیی گشتی (وەرگێڕانی نەعیم بەدیعی). تاران: چاپخانەی هەمشەهری.

وەرگرتنی هەر هەمان بەهێزکردن یان تەمێکردنیش دەتوانێ کاریگەری لە سەر ئەم پرۆسە دابنێت. بۆ وێنە ئەگەر بزانن قوتابییەکی تر بە هۆی ئەوەی لە کاتی خۆی دێتە قوتابخانە خەڵات دەکرێ، ئێوەش هەموو ڕۆژێ چەند خولەک زووتر دێنە قوتابخانە.

ئێستا ئەو پرسیارەی کە لە مێشکدا دەروست دەبێ ئەوەیە کە: تیۆری فێربوون چ کارکردێکی لە خوێندنەوەی بواری کاری منداڵان هەیە؟ فێربوون یەکێک لە میکانیزمەکانی ئاستی وردە و منداڵان یەکێک لە سەرچاوەکانی فێربوونی یەکترن. کاتێک کە لە گەڕەکەکاندا کۆمەڵێ منداڵ دەچنە ناو پرۆسەی کارەوە، ئەوان دەبنە پاڵنەرێک بۆ دیکەی منداڵان. هەروەها ئەو منداڵانەی کە چوونەتە ناو پرۆسەی کارەوە وەک زنجیرەی گواستنەوە بۆ منداڵانی دیکە لە قەڵەم دەدرێن چوونکە ئەوان تەکنیک و لێهاتوویی کار لە یەکتر و دیکەی ئەو کەسانەی کە لەگەڵیان ئیش دەکەن فێر دەبن.

پەیوەندی تیۆری نێوان منداڵی کار و بازرگانی

ئەم تیۆرییە لە ساڵی 2002 لە پەیوەندی تیۆری نێوان منداڵی کار و بازرگانی لە لایەن جێفری و لاهیری[1] تاوتوێ کراوە. ئەوان پیشانیان دا گەمارۆ بازرگانییەکان لە ڕاستیدا لەوانەیە کاری منداڵان زۆر بکەن نەک کەمی بکەنەوە. توێژەران وا وێنا دەکەن لە وڵاتێکی کەمداهات کاڵای وەبەرهاتوو هەیە کە بە تەکنیکی کەمەوە ساز کراوە. لە وڵاتێکدا کە سوود ڕێژەییە و کاڵای تێدا هەنارە دەکرێ ئەم کەرتی بێبەری لە لێهاتوویی لە ئابووریدا شوێنی کاری منداڵانیش لە خۆ دەگرێت. کەواتە گەمارۆی بازرگانی کاریگەری لە سەر کەرتی ناڕۆفیشنڵ و لە ئەنجامدا منداڵانی کار دادەنێت. لە ڕوانگەی یەکەمدا لەوانەیە ئەم گەمارۆیانە ببنە هۆی کەمبوونەوەی داخوازی بۆ ئەم کاڵایانە، واتە ئەو کاڵایانەی کە بە لێهاتوویی کەمەوە چێکراون، و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کاری منداڵان. بەڵام گەمارۆی بازرگانی دەتوانێ کاریگەری دیکەشی هەبێ، وەکوو کەمبوونەوەی نرخی تێچووی بەشداری لە قوتابخانە کە دەستڕاگەیشتن بە بایەخ کەم دەکاتەوە و ئەمەش بەس بە حاڵی خۆی دەتوانێ دابەزینی ئاستی سەرمایەدانان لە بواری پەروەردەی لێ بکەوێتەوە.[2]

سەردەمی زانیاری و کونەڕەشەکان

کاستلێز[3] لە توێژینەوە بەناوبانگەکەی خۆی لە ژێر ناوی "سەردەمی زانیارییەکان" بە کەڵک وەرگرتن لە خوێندنەوە و بەڵگەی ئەزموونی زۆر لە پێوەرێکی جیهانیدا چۆنیەتی نوێبوونەوەی پێکهاتەی سەرمایەداری جیهانی و بیچمگرتنی سەرمایەداری زانیارییەکان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم نوێبوونەوەی پێکهاتەی تاوتوێ کردووە. بە پێی تیۆری کاستلێز، یەکێک لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی نوێبوونەوەی پێکهاتەی سەرمایەداری جیهانی و بیچمگرتنی "کۆمەڵگای تۆری" دەرکەوتنی پرۆسەی "جیاکاری و سڕینەوەی کۆمەڵایەتی" و "کونەڕەشەکانی جیهانی چوارەم" لە پێوەرێکی جیهانی، نیشتمانی، ناوچەیی و گەڕەکییە. کاستلێز پێی وایە لە کۆتاییەکانی دەیەی 1960 بەم لاوە لەگەڵ شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و تێپەڕین لە سەرمایەداری پیشەسازی و کۆمەڵگا دەوڵەتسالارەکان بۆ سەرمایەداری زانیارییەکان و کۆمەڵگا

---

1 - Jafarey and Lahiri

2 - لاهیری، تاهیر، (2002). لێکدانەوەی ئابووریی ئێران. تاران: ئاریانا قووم.

3 - Manuel Castells

تۆڕییەکان، هەندێ گۆڕانکاری لە پەیوەندییە ئابووریە جیهانییەکاندا بەدی هاتووە کە لاوازی دەوڵەت – نەتەوە و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی بنەماڵەی ناوەکی کلاسیک، دەرکەوتنی بیچمە نوێکانی هەژاری و پەراوێزنشینی و "جوگرافیای سڕینەوەی – کۆمەڵایەتی - نیشتمانی" لە ناوچە جیا جیاکانی جیهانی لێ کەوتۆتەوە. ناوبراو کۆمەڵێک پرۆسەی بەدیهێنەری جیاوازی سڕینەوەی کۆمەڵایەتی دەباتەوە سەر گۆڕانکاری لە هەر دوو قەڵەمڕەوی بواری دابەشکردن – بە کارهێنان و پەیوەندییەکان. نایەکسانی، جەمسەریبوون، هەژاری و نەداری هەر هەموویان لەگەڵ بواری پەیوەندییەکانی دابەشکردن – بەکارهێنان یان ئاستە جیاوازەکانی وەدەستهێنانی سەرمایە، کە لەگەڵ هەوڵی گشتی بەرهەم دەهێنرێ، لە پەیوەندیدان. لە لایەکی تریشەوە بە تاکایەتیبوونی کار، چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەری کرێکاران، سڕینەوەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی سنووردار لە تایبەتمەندییەکانی پرۆسەی پەیوەندییە وەبەرهێنانەوەکانە.[1] کاستلێز ڕوونی دەکاتەوە کە گرینگترین پرسی هێزی کار لە سەردەمی زانیارییەکان کۆتایی کار نییە بەڵکوو بارودۆخی کرێکارانە.

چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەر

بە بۆچوونی کاستلێز، نایەکسانی ئاماژە بە وەدەستهێنانی نابەرانبەری سامان لە لایەن تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان دەکات. جەمسەریبوون پرۆسەی تایبەتی نایەکسانییە و ئەو کاتە ڕوو دەدا کە هەر دوو سەری لایەنەکە، دابەشبوونی داهات یان سامان خێراتر لە بەشی ناوەندی ئەم لایەنە گەشە بکات. بەم شێوە ناوەندی لایەنی دابەشکردنی سامانی بچووکـکراو و جیاوازییە کۆمەڵایەتییە نێوانحەشیمەتییەکان، کە لە هەر دوو سەری لایەنەکەدان، تووندتر دەبێت. هەژاری پێوەرێکە کە پێناسەیەکی لکاوی هەیە و پەیوەستە بە ئاستێک لە سەرچاوەکان کە خوارتر لەو گەیشتن بە ستانداردەکانی ژیان، کە وەک لانیکەمی ژیانێکی ئاسایی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو و کاتێکی دیاریکراو لە قەڵەم دەدرێ، گونجاو نەبێت. داماوی ئاماژە بە دیاردەیەک دەکا کە ئامارگیرانی کۆمەڵایەتی پێی دەڵێن "هەژاری لە ڕادەبەدەر "؛ واتە نزمتر لە ئاستی دابەشکردنی داهات – دارایییەکان یان بە وتەی هەندێ لە کارناسان، "بێبەشی" کە کۆمەڵێکی بەربڵاو لە بێبەشییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێت. مەبەستی کاستلێز لە چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەر ئەو کۆمەڵە بارودۆخ و زنجیرە کارانەیە کە ڕێگە بە سەرمایە دەدا بە شێوەی ڕێکوپێک پێدان – تەرخانکردن وەدوا بخا و یان لە چاو ڕێساکان (شێوازی باو لە بازاڕێکی کاری فەرمی دیاریکراو و لە کات و شوێنی دیاریکراو) هەلومەرجێکی تونداژۆتر بە سەر گرووپێکی دیاریکراو لە کرێکاران بسەپێنێت. ئەم وشە ئاماژە بە نایەکسانی لە دژی کۆچبەران، کەمینەکان، ژنان، منداڵان، یان دیکەی ئەو گرووپە کرێکارانە دەکا کە وەبەر هەڵاواردن دەکەون و ناوەندە چاودێرەکان ئەوە بە ڕێگەپێدراو دەزانن و یان لەم بارەوە نەرمی دەنوێنن. یەکێک لەو ڕەوتە مانادارانەی کە لەم بوارەدا بوونی هەیە باوبوونی دیسانەوەی منداڵانی کار لە سەرتاسەری جیهان و لە هەلومەرجی چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەر، بێبەرگری، و کەڵکاوەژوییە.

کاستلێز هۆکارێکی دیکەی بە کارهێنانی منداڵانی لە بێبەرگریبوونیان دەزانێ کە هەر ئەوەش وا دەکا خاوەنکار بتوانێ حەقدەست و هەلومەرجێکی کاری بێبەزەیانەیان بە سەریاندا بسەپێنێت. لەو ڕووەوەی کە منداڵان توانای ناوازەیان نییە و هەروەها لە گەورەسالانیش ڕێژەی بەکارهێنانیان زیاتر نییە، شیاوە

1 - کاستلێز، ئیمانوێل (1380). ئابووری، کەلتوور، سەردەمی زانیارییەکان، کۆتایی هەزارە (ئەفشین خاکباز و ئەحمەد عەلیقولیان). بەرگی سێیەم، تاران: تەرحی نو (هرح نو).

گرینگترین هۆکاری دامەزراندنیان بابەتی نائابووری بێت. لەم بابەتەدا زۆر هۆکاری نائابووری بوونیان هەیە، بەڵام گرینگترینیان ئەم بابەتەیە کە منداڵان سەبارەت بە مافەکانی خۆیان زۆر ئاگادار نین، کەمتەرخەمن، بە ئاسانی فەرمانەکان جێبەجێ دەکەن و بە بێ هیچ سکاڵایەک کارە یەکدەستەکان ئەنجام دەدەن، متمانەپێکراوترن، ئەگەری دزێکردن لە ناویاندا کەمترە و کەم پێش دێت لە شوێنەکەدا ئامادە نەبن. لە پیشەسازییە کەرتی نافەرمییەکاندا، کە کرێکاران بە شێوەی نافەرمی و بە هەڵکەوت دادەمەزرێنرێن و لە ئەنجامدا هەموو ڕۆژێ پێویستیان بە گرووپی تەواوی کرێکارانە، بەشدارنەبوونی کەمتری کرێکاران بۆ خاوەنکارەکان زۆر گرینگە. سەرچاوەی کەڵکاوەژۆیی و خراپ بە کارهێنانی منداڵان دەبێ لەو میکانیزمانەدا بۆی بگەڕێی کە هەژاری و سڕینەوەی کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری جیهانی لێ دەکەوێتەوە. کەوتنە ناو داوی هەژاری و بێبەشبوونی وڵاتان، ناوچەکان و گەڕەکەکان لە خولگەکانی سامان و دەسەڵات و زانیاری، داڕمانی پێکهاتەکانی بنەماڵە کە دواییین مەتەرێزی بەرگری لە منداڵانە تێک دەڕووخێنێت. لە هەندێ لە وڵاتانی هەژاری جیهان لە ناوچە گوندی و گەڕەکی تەنەکەنشینەکان ئەم پێکهاتەیە دەبینین کە پشتی بنەماڵەی شکاندووە، بە جۆرێک بۆ مانەوەی خۆیان یان منداڵەکانیان دەفرۆشن یان دەیانێرنە سەر شەقام بۆ ئەوەی یارمەتیدەری بنەماڵە بن. کاستلێز ئاماژە بەوە دەکا کە ئەم بارودۆخی سەخت و چەتوونی کارییە بە حەقدەستی کەمەوە بۆ منداڵان و کاتژمێری دوور و درێژی کار بە هۆی چەند هۆکاری جیاوازە: یەکەم ئەوەی کە ئەم بابەتە بە هۆی پەرەسەندنی هاوکاتی هەژاری و جیهانگیری چالاکییە ئابووریەکان لە جیهانە. قەیرانی ئابووریە بژێوییەکان و هەژاربوونی بەشە گەورەکانی حەشیمەت، بنەماڵە و منداڵان هان دەدا کە بۆ مانەوەی خۆیان دەست بدەنە هەر ئیشێک؛ لەم بارودۆخەدا ئیدی دەرفەتێک بۆ خوێندن نامێنێت، بنەماڵە زیاتر پێویستیان بە نانەرهێنەرە و ئەم پێویستییە زۆر بەپەلەیە. بنەماڵەکان لە ڕووی ناچارییەوە ڕۆڵەکانی خۆیان بۆ ئیشی ناچاری هان دەدەن. خوێندنەوە ئەنجامدراوەکان کاریگەری بنەماڵەی پڕحەشیمەت لە سەر کاری منداڵان پیشان دەدا؛ هەرچی ڕێژەی منداڵان زیاتر بێ، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لە بری قوتابخانە دەنێردرێنە سەر شەقامیش زیاتر دەبێت.

کۆچ، پەراوێزنشینی

داڕمانی کۆمەڵگا نەریتییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا هەیە کە منداڵان پەلکێشی ناوچە هەژارنشینەکانی گەورەشارەکانی وڵاتانی نەپارێزراو دەکات. ئەم بابەتانە بریتییە لە کۆچ و کۆچی ناچاری منداڵان لەگەڵ بنەماڵەکانی خۆیان بۆ ناوچە و وڵاتانی دیکە کە ئەمەش دەبێتە هۆی لە ناوچوونی سیستەمی پاڵپشتی و سیستەمی باوکسالاری نەریتی.

سڕینەوەی کۆمەڵایەتی

لە دیکەی توخمە شیکارییەکانی کاستلێز چەمکی "سڕینەوەی کۆمەڵایەتی"یە. سڕینەوەی کۆمەڵایەتی پرۆسەیە نەک بارودۆخ. کەواتە سنوورەکانی دەگۆڕێ و لە زەمەنە جیاوازەکاندا بە گوێرەی ئاستی خوێندەواری، تایبەتمەندییە حەشیمەتییەکان، هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی، شێوازە کارییەکان و سیاسەتە کردەییەکان، واتە چی کەسانێک کۆمەڵایەتی بیانگرێتەوە و چی کەسانێک لێی بسڕێنرێنەوە، لەوانەیە جیاواز بێت. جیا لەوە ئەگەرچی بە هۆی نەبوونی کاری ڕێکوپێک وەک سەرچاوەی داهات لە کۆتاییدا میکانیزمی


سەرەکی سڕینەوەی کۆمەڵایەتییە، ئەوەی کە تاک و گرووپەکان بۆچی و چۆن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان ڕووبەڕووی دژواری – بێئامرازی و دەرفەتی پێکهاتەیی – دەبنەوە و بەستراو بە لایەنێکی بەربڵاوی جۆرە جیاوازەکانی هەژارییە. هەروەها کاستلێز پێی وایە پرۆسەی سڕینەوەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای تۆڕی ئێمەدا پەیوەندی لەگەڵ خەڵک و وڵاتان هەیە، بە جۆرێک کە لە هەندێ هەڵومەرجدا هەندێ لە وڵاتان، ناوچە، شار یان گەڕەکەکان بە تەواوەتی نامێنێن و زۆربەی حەشیمەتی خۆشیان بۆ ئەم لا پەلکێش دەکەن.

بە گوێرەی ئەم گۆڕانکارییە پەیوەندیدارانەی کە لە ڕەوتی نوێکردنەوەی پێکهاتەی ئابووری جیهانی لە بواری ئابووری سیاسی کۆمەڵگاکانی ئەورۆدا ڕوو دەدا بیچمگرتنی پرۆسەی سڕینەوەی کۆمەڵایەتی لێ کەوتۆتەوە. کە لە سەر بنەمای پەیوەندییەکانی دەسەڵات و چەوساندنەوەیە و لە سەر ئاستە ناوەندی و وردەکان بە پێی بگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ڕەگەزێتی و تەمەن بە شێوازێکی جیاواز ئیش دەکا، بە جۆرێک کە بە هۆی ئەم پرۆسەوە لاوازترین گرووپەکان لە سۆنگەی تەمەن و ڕەگەزەوە تووشی چەوساندنەوە و سڕانەوەی دووقات دەبن کە نموونەی وەها بابەتێک کاری منداڵان و چەوساندنەوە و کەڵکاوەژۆیی لێکردنیان لە حاڵەتی جۆراوجۆرە. خوێندنەوەکانی کاستلێز پیشان دەدا پەیوەندی ناتەواو و پەیوەندی ئابووری نابەرانبەر وڵاتانی جیهانی سێیەم و لە حاڵی گەشە لەگەڵ ئابووری جیهانی لە ڕێگەی بەرنامەی هاوسەنگکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەربڵاوی لەم کۆمەڵگایانەدا بەدی هێناوە کە لە زۆرێک لەم کۆمەڵگایانەدا ڕووبەڕووی لاوازی دەوڵەت – نەتەوە و بەتایبەت لاوازی و داوەشانی هێدییانەی دەسەڵاتی خۆشگوزەرانی، گۆڕانکاری لە ئابووری بژێوی و پەرەسەندنی کەرتی نافەرمی ئابووری بۆتەوە. ئەم گۆڕانکارییە پەیوەندیدارانە لە بواری ئابووری سیاسی بۆتەوە هۆی بەهێزبوونی هەژاری، نابەرانبەری، داماوی، بە تاکایەتیبوونی کار، چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەری هەژاران، ژنان و منداڵان، سڕینەوەی کۆمەڵایەتی، و بیچمگرتنی ئابووری تاوانبارانە لەم چەشنە کۆمەڵگایانەدا. گۆڕانی پەیوەندییە خێزانییەکانی چین و توێژە پلە نزمەکان لەگەڵ ئابووری سیاسی و سیستەمی چینایەتی کۆمەڵایەتی سەرچەشنی ئابووری بنەماڵە، و بە دوایدا پێکهاتەی نەریتی و سەرچەشنی پەیوەندییە کارکردییە خێزانییەکانی چین و توێژە نزمەکانی کۆمەڵگای گۆڕیوە. هەروەها بەستێنی زیاتری بۆ کاری ژنان و منداڵانی لە کەرتی ئابووری نافەرمی و چەوساندنەوەیانی خۆش کردووە و دەرکەوتنی "جیهانی چوارەم" لە پێوەری جیهانی، ناوچەیی و گەڕەکی لێ کەوتۆتەوە.

کونەڕەشەکان

بە باوەڕی کاستلێز، کۆمەڵگای تۆڕی خۆی قووت دەدا، چوونکە وەها منداڵەکانی خۆی تەفر و تووتا دەکا کە لە نەوەکاندا مانای بەردەوامی ژیان لە بار دەبا و بەم شێوە داهاتوویەک دروست دەکا کە تێیدا سۆزی مرۆڤایەتی نییە، کە کاستلێز ناوی دەنێ کونەڕەشەکان. کارکردی کونەڕەشەکانی جیهانی چوارەم ئەوەیە کە پەراوێزخراوەکان دەگرێتە خۆی و لە هەمان کاتدا هاوکاری وەبەرهێنانەوەی سڕینەوەی کۆمەڵایەتی دەکات. ئەم کونەڕەشانە لە هەمان کاتدا کە زۆر جار لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندیدان، لە سۆنگەی کۆمەڵایەتی – کەلتووری هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ڕەوتی سەرەکی کۆمەڵگا نییە. ئەم ناوچانە لە سۆنگەی ئابوورییەوە لەگەڵ بازاڕە تایبەتەکانی وەکوو ئابووری تاوانبارانە و لە ڕووی ئیدارییەوە لەگەڵ ناوەندگەلێکی وەکوو پۆلیس و دابینکردنی کۆمەڵایەتی کە بۆ کۆنترۆڵکردنیان دامەزراون، لە پەیوەندیدان. جیهانی چوارەم لە ناو دڵی چەندین کونەڕەشی سڕینەوەی کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا سەریان هەڵداوە. جیهانی چوارەم

ناوچەیەکی بەربڵاوی گۆی زەوی وەکوو وڵاتانی ئەفریقایی ژێر هێڵی بیابان و ناوچە هەژارەکانی ئەمریکای لاتین و ئاسیا لە خۆ دەگرێ، بەڵام ئەم جیهانە دەتوانین بڵێین لە هەموو وڵات و هەموو شارێکی ئەم جوگرافیا سڕینەوەی کۆمەڵایەتییەش دەبینرێت. ئەم جیهانە لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکانی ئەمریکا، دانیشتووانی ناڕەسەنی ئەسپانیایی، یان کۆمەڵێک لە گەنجانی بێکاری گەڕەکە فەڕەنسییەکانی باکووری ئەفریقا، گەڕەکەکانی بووسیای ژاپۆن، تەنەکەنشینەکانی (کەوێڵنشینەکانی) گەورەشارەکانی ئاسیا پێک هاتوون. دانیشتووانی جیهانی چوارەم لە ملیۆنان لانەواز، زیندانی، تاوانبار، لەشفرۆش، دڵڕەق، بەدناو، نەخۆش و نەخوێندەوار پێک هاتوون. ئەوان لە هەندێ لە ناوچەکاندا زۆرینەن و لە هەندێ ناوچەی دیکەشدا کەمینەن و لە هەندێ لە بارودۆخی باشتردان، کەمینەیەکی بچووک پێک دێنن، بەڵام لە هەموو شوێنێکدا ڕێژەیان ڕووی لە هەڵکشانە و بوونیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ تۆختر دەبێ، چوونکە ڕەوتی ئێستای سەرمایەداری زانیاری و داڕمانی سیاسی دەوڵەتە خۆشگوزەرانییەکان دەبێتە هۆی توندتربوونی سڕینەوەی کۆمەڵایەتی.



وێنەی ژمارەی (2) چارتی مۆدێلی تیۆری کونەڕەشەکان

کاستلێز پێی وایە لە نێوان لۆژیکی بازاڕی بێسنوور لە ئابووری جیهانی تۆڕی، کە تەکنەلۆژیای پێشکەوتنی زانیارییەکان بەهێزیان دەکەن و دیاردەی منداڵانی کار پەیوەندییەکی پێکهاتەیی هەیە. لە ڕاستیدا لە بواری گەشەی ئابووری زۆر جار ڕووبەڕووی ئەم بۆچوونەی شارەزایان دەبینەوە کە پەرەسەندنی کاری منداڵان وەک کاردانەوەیەکی لۆژیکی بازاڕ قبوڵ دەکا، کە لە بارودۆخی تایبەتیدا قازانجێک بە وڵاتان و بنەماڵەکان دەگا و داکۆکی لە سەر دەکات. هەروەها بە هەر دوو کۆمەڵە فاکتەرەکانی خستنە ڕوو و داخوازی دەبێ داڕمانی دەوڵەتەکان و کۆمەڵگاکان و بنەبڕکردنی بەربڵاوی حەشیمەتەکان بە هۆی سەرچاوەکانی کەڵکاوەژۆیی لە ڕادەبەدەری سڕینەوەی و لە ناوبردنی منداڵان زیاد بکەین. لە لایەکی تریشەوە نەخوێندەواری دەبووە هۆی بێکاری، هەژاری و لە کۆتاییدا بێبەشێتی کۆمەڵایەتی.

فاکتەر و بەستێنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بەدیهێنەری کاری منداڵ

بە پێی ڕوانگەی مەندلویچ[1]، فاکتەرە ئابووری، کۆمەڵایەتی، و کەلتوورییەکان دەورێکی گرنگیان لە بەدی-هاتنی بەستێنەکانی کاری منداڵدا هەیە. لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە هۆکاری هەڵکشانی ئەم دیاردە هەژاری و لاوازی بارودۆخی ئابوورییە. هەروەها نەریتە پەیوەندیدارەکان لە وڵاتانی کەمترگەشەسەندوو وەک فاکتەرێکی دیکە لە قەڵەم دەدرێت. نەبوونی پەروەردەی فەرمی و نەبوونی ژێرخانی ئابووری بەهێز وای کردووە دایک و باوکەکان بۆ ڕێگری لە کات بە فیڕۆدان و کاتکوشتنی منداڵەکانیان هەوڵی جێبەجێکردنی ئیشێکی گونجاو بۆ منداڵەکانیان بدەن.[2]

ڕووانگەی ڕۆدجێر و ئیستێندینگ[3] دەڵێ بە خستنە ڕووی تۆڕی شیکاری لەو وڵاتانەی کە داهاتیان کەمە، فاکتەرە دیاریکەرەوەکانی کاری منداڵ بە سەر دوو بەشدا دابەش دەکرێن: یەکەم بەستێنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، فاکتەری دووهەم هەڵسوکەوتی وردە. لە پرسی بەشی یەکەم پێکهاتەی پرۆسەی بەرهەم-هێنان و بازاڕی کار ڕچاو دەکرێ و ئەم باوەڕە هەیە کە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا هەر هەموو ئەندامانی بنەماڵە بۆ مانەوە و یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی ئەرکەکانیان ڕادەپەڕێنن و منداڵانیش بە گوێرەی ئەرکی خۆیان کار دەکەن. بە واتایەکی دیکە لەم چەشنە کۆمەڵگایانەدا کار بەشێکە لە پرۆسەی کۆمەڵگاگری. بە پێی ڕوانگەی ئەوان، ئەگەرچی پرۆسەکانی بە پیشەییبوون و شارنشینی لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا بۆتە هۆی هەڵکشانی ڕێژەی جۆرەکانی کاری منداڵ، لە درێژماوەدا ڕادەی کاری ئەوانی کەمتر کردووەتەوە. لە بەشی دووهەمدا باس لە ڕۆڵی بنەماڵە و یان ئەندامانی بنەماڵە لە شێواز و سەرچەشنی کاری منداڵان دەکا، چوونکە ڕەهەند و پێکهاتەی بنەماڵە ڕۆڵێکی دیاریکەرەوەیان لە کارکردن یان نەکردنی منداڵان هەیە. بە شێوەی گشتی سێ فاکتەر هۆکاری هەڵکشانی ڕێژەی کارکردنی منداڵان لە وڵاتانی خاوەن داهاتی کەمن:

ئەلف) بارودۆخێک کە تێیدا ڕێژەی زک و زا کەم بۆتەوە و زۆربەی منداڵانی ئەم بنەماڵانە لە هەڕەتی مێرمنداڵی و سەرەتای گەنجێتیدان؛

ب) پێگەی پیشەسازی کاری ئەندامانی بنەماڵە بە ئەگەری کاری منداڵان لەو بنەماڵانەی کە کرێکاری گەورەسااڵی سەرەکی لە کەرتی کشتوکاڵ و خزمەتگوزاری و بەتایبەت خۆپیشەیی کار دەکات؛

ج) داهاتی بنەماڵە و هەروەها خوێندەواری دایک و باوک لە دیاریکەرەوە گرنگەکانی کارکردنی منداڵانە.

گڕۆتایرت و کانبۆر[4] لە ڕوانگەی ئابوورییەوە فاکتەرەکانی کاری منداڵانیان تاوتوێ کردووە و بە سەر دوو بەشی فاکتەرەکانی خستنە ڕوو و فاکتەرەکانی داخوازی کاری منداڵان دابەش کردووە: بە باوەڕی ئەوان فاکتەرەکانی دیاریکەرەوەی خستنە ڕووی کاری منداڵ بریتییە:

---

1 - Mendelvich

2 - Mendevich, Elias. (1979). Child Labour. *International Labour Review* 118 (5)

3 - Gery Rodger and Guy Standing

4 - Chiristian Grootaert and Ravi Kanbur

1) ڕێژەی ئەندامانی بنەماڵە و تەرخانکردنی کات: چۆنیەتی تەرخانکردنی کاتی منداڵ بۆ کارکردن لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەوە بە پێی ڕێژە و پێکهاتەی ئەندامانی بنەماڵە، ئامرازی بەرهەمهێنانی منداڵ و دایک و باوکە کە زیاتر بەستراوە بە بارودۆخی ناوماڵ و بازاڕی کار و پلەی جێگرەوەی کاری نێوان منداڵ و دایک و باوکی، کە زیاتر دایکە. کەواتە ڕەهەندی ئەندامانی بنەماڵە لە کارکردنی منداڵاندا دەوری سەرەکی دەبینێت.

2) کاردانەوەکانەی ئەندامانی بنەماڵە بە لە دەستدانی پیشە: هۆکاری سەرەکی کارکردن بە منداڵان لە لایەن بنەماڵە لە لایەک زیادکردنی داهاتی بنەماڵە و لە لایەکی تریشەوە بەڕێوەبەرایەتی باشتری هەلومەرج و هەستی مەترسی لە دەستدانی داهاتە.

فاکتەرە دیاریکەرەوەکانی داخوازی کاری منداڵیش بەم شێوەیە:

1) پێکهاتەی بازاڕی کار: بازاڕی کار بەش بە حاڵی خۆی دەوری پیشە لە داهاتی ئەندامانی بنەماڵەدا دەبینێت.

2) تەکنەلۆژیا: ئاستی تەکنەلۆژیا لە سەر ئەو ڕادانەی کە منداڵ دەتوانێ ببێتە جێگرەوەی گەورەسااڵن کاریگەری دادەنێت.[1]

ڕێکارە کردەییەکانی کەم کردنەوەی کاری منداڵ

گەشەی ناهاوسەنگ لە وڵاتدا لە سەر بنەمای سەرچەشنی ناوەند – پەراوێز و هەڵاواردن لە دژی هەندێ گرووپی ئێتنیکی و ئایینی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەژاری و بێبەشی بەشێک لە خەڵکی ئەم وڵاتەیە. لە ئێستادا زۆرێک لە بنەماڵەکان و منداڵان بە مەبەستی دۆزینەوەی کار و دابینکردنی لانیکەمەکانی ژیان بە شێوەی هەتاهەتایی یان کاتی لە ناوچە دەوروبەرییەکان (ناوچەی پەراوێز) و بە زۆرینەی گرووپی ئێتنیکی تایبەتەوە بەرەو تاران و دیکەی شارە گەورەکان کۆچ دەکەن. ڕاستە لە پلان گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات جەخت لە سەر گەشەی هاوسەنگ کراوەتەوە، بەڵام هێشتا لە سەر ئاستی ئەم وڵات نایەکسانییەکی قوڵ بەدی دەکەین. کە واتە ناوەندە بەرنامەداڕێژەکانی وەکوو ڕێکخراوی بەرنامە و بوودجە و دیکەی ناوەندە دەسەڵاتییەکان دەبێ لە بەرنامەکانیاندا بە مەبەستی گەشەی ناوچە پەراوێزەکان، گەڵاڵەی هەڵاواردنی ئەرێنی بگرنە بەر بۆ ئەوەی لەم ناوچانەدا ڕادەیەک لە گەشە بدەی بکەین، چوونکە ئەم ناوچانە یەکێک لە ناوەندەکانی کۆچ و بە هۆیەوە سەرچاوەی کاری منداڵانن.

2) لە زۆرێک لە ناوچە پەراوێز و دەوروبەرییەکانی وڵات و تەنانەت لە ناو چینە پلە نزمەکاندا هەلە ئابووریەکان لکێنراوە بە پەروەردەی کەمەوە. کاتێک کە خوێندن پیشەی لێ نەکەوێتەوە، بنەماڵەکان لە بواری خوێندنی منداڵەکانیاندا سەرمایەگوزاری ناکەن، چوونکە وا وێنا دەکەن ئەم سەرمایەگوزارییە لە داهاتوودا بۆیان ناگەڕێتەوە و خاوەن پیشەبوونی منداڵەکانیانی لێ ناکەوێتەوە و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی لە دەستدانی سەرمایەکانیان و بە فیڕۆچوونی تەمەنی منداڵەکەیان. لەبەر ئەوەیە کە بنەماڵەکان پشتیوانی لە خوێندنی ڕۆڵەکانیان ناکەن و دژی درێژەدان بە خوێندنیانن و لە ئەنجامدا بۆ کارکردن هانیان دەدەن. وەک وترا دایک و باوکەکان پێیان وایە خوێندن پیشەی لێ ناکەوێتەوە و ئەمە فێری ئیشێکی کردەییە کە دەبێتە هۆی باشتربوونی

[1] - Grooter, Chiritia and Ravi, Kanbur. (1995). Child Labour: Economic Perspective. *International Labour Review*, 134 (2), 187-203.

پیشەکەیان، لە حاڵێکدا ئەو پیشانەی وا ئەو منداڵانە هەڵیدەبژێرن یەکەم ئەوەی کە هەر لە تافی منداڵییەوە قورس و خەسارەتبەخشە و دەرهاویشتەی خراپ و نەخوازراوی جەستەیی و دەروونی توندی بە دواوەیە؛ دووهەم ئەوەی کە ئەم پیشانە هەتا هەتایی نیەن و لەگەڵ بێکاربوونی منداڵەکان پرۆسەی نالەباری هەژاری و بێکاری بە تاقی دەکەنەوە؛ و سێیەم ئەوەی کە ئەم پیشانە بە هۆی دژواری کار و چوونی پێشوەختە بۆ ناو بازاڕی کار دەبێتە هۆی خانەنشینی پێشوەختە و ئەم کەسانە لە گەنجێتی و پیریدا زیاتر ئازاری جەستە بە ئەزموون دەکەن. تەنانەت بۆ منداڵان خۆشیان درێژەدان بە خوێندن گرینگ نییە، چوونکە دەزانن گەیشتن بە ئامانجەکانیان واتە دۆزینەوەی هەلی کار لە ڕێگەی خوێندنەوە نەشیاوە. کەواتە گرێگیدان بە پیشە لەم ناوچانەدا، بەتایبەت پیشەی پەیوەندیدار بە خوێندن، بۆ ڕێگری لە کارکردنی منداڵان و بەتواناکردنیان لە ڕێگەی درێژەدان بە خوێندنەوە پێویستە.

3) ناسینەوەی منداڵانی کار و بنەماڵەکانیان لە گەڵاڵەیەکی نیشتمانی و داڕشتنی پلانی بەربڵاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و بە تواناکردنی بنەماڵەکان یەکێک لە ڕێکارە سەرەکییەکانە. لە ئێران ئەرکی پاڵپشتی لە زیانبەرکەوتووانی کۆمەڵایەتی لە سەر ئەستۆی ڕێکخراوی بێهزیستییە (چاکژیانەوە). ئەم ڕێکخراوە بە یارمەتی و هاوکاری دیکەی ئەو ڕێکخراوانەی کە بەرپرسیاریەتی پاڵپشتی و پەروەردەیان هەیە، وەکوو کومیتەی ئیمداد، ڕێکخراوی کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی خۆش ڕابووارداردن، هەرەوەرزی و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ئابووری، ئیدارەی کاروباری هاوولاتیانی بیانی و پەروەردە و ڕاهێنان دەبێ منداڵانی مەترسی لە سەر، دابڕاو لە خوێندن، و ناچارکراو بە کار بناسێتەوە و لە ڕێگەی بەتواناکردنی بنەماڵەکانیان ئەم منداڵانە لە پرۆسەی کاری زۆرەملی ڕزگار بکات. ئەم ئاراستە بە باشترکردنی دۆخی ئابووری بنەماڵەکان، دابینکردنی تێچووی خوێندنی منداڵان، و پیشەداربوونی سەرپەرشتیاری ئەندامانی بنەماڵە گونجاو دەبێت.

گێڕانەوە مەیدانییەکانی پەیوەندیدار بە منداڵانی کار

گواستنەوەی بار بە داشقە: یەکێکی دیکە لەو کارە ئەستەمانەی کە منداڵان ئەنجامی دەدەن گواستنەوەی بار بە داشقەیە. لە پاڵ هەندێ لە پرسەکانی وەکوو ڕێگرتن و مشتومڕکردن لەگەڵ ڕێبوارەکان و ئەو گرژی و شەڕانەی کە لە نێوان منداڵەکان خۆیان ڕوو دەدا، یەکێک لە مەترسییە سەرەکییەکانی ئەم کارە گواستنەوەی بارێکی قورس بە پیاسەیێکی زۆر لە درێژەی ڕۆژدایە. بۆ منداڵێک کە ئەندامانی جەستەی هێشتا بە تەواوەتی گەشەی نەکردووە و لە حاڵی گەشەدایە، گواستنەوەی بارێکی قورس گەشەی جەستەیی تووشی کێشە دەکا و زیان بە بڕبڕەی پشتیان و دیکەی ئێسکەکانیان دەگەیێنێت. ئەم منداڵانە لە شەقامە قەرەباڵغ و ڕێهاتوچۆکانی ناوەندی شار ئیش دەکەن و لەوانەیە هاوشێوەی منداڵانی دەسفرۆش و سەرشەقامی، لەگەڵ شۆفێرەکاندا تووشی گرژی و شەڕ بن. ئەوان لە درێژەی ڕۆژدا جۆرەکانی پیسییان بەر دەکەوێ و دووکەڵێکی زۆر دەچێتە ناو لەشیانەوە. کۆمەڵێک لەم منداڵانە مەترسییەکانی کاری خۆیان بەم شێوە گێڕاوە:

تەنێک بار دەخەیتە سەر داشقەیەک بەم گەرمایە، عارەقە دەکەی، داشقەکە دەکێشی. بە ڕاستی ئەزیەت دەبیت.



وێنەیەک لە منداڵێکی داشقەچی لە بازاڕی گەورەی تاران (وێنەیەک لە تویژەر)

لوڕ و کورد ئازارمان دەدەن؛ ئەگەر بار هەبێ، ناهێڵن، دەڵێن ئێمە ئێرانین، دەڵێن ئێرە وڵاتی ئێمەیە، کەڵەگایی دەکەن، دەڵێن وڵات هی خۆیانە.

بێزارین، ئەم داشقە، ئەوداشقە، داشقەچێتی زۆر دژوارە.

زۆر شەڕ لەگەڵ ئێرانییەکان دەکەم. خۆیان دێن جوێنمان پێ دەدەن، بۆ وێنە دەتهەوێ تێپەڕی، پاڵت پێوە دەنێن یان پاڵ بە داشقەکەت دەنێن؛ باری پێیە داشقەکەت فڕێ دەدا.

مرۆڤ ئازار دەبینێ، بارەکەت قورسە، مرۆڤ زۆر ماندوو دەبێ، بارێکی قورس، لە ماڵدا ماندوو دەبی، لە کاتژمێر 9 دەبێ هەستی و بێتە ئێرە.

ڕۆنی بیست کیلۆیی و برینجی چل کیلۆیی دەگوازمەوە، شەکری سەد کیلۆیی، پەنجا کیلۆیی. هەموویان قورسن، کابرا شەکەت دەبێت.



وێنەیەک لە منداڵێکی داشقەچی لە بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا (وێنەیەک لە توێژەر)

کار لە کارواش: زۆربەی ئەو مەترسیانەی کە منداڵان لە کارواش ڕووبەڕووی دەبنەوە کاتژمێر کاری دوور و درێژ و کەمخەوی، کارکردن بە پاوە، بۆنی پاکـکەرەوەکان و ئیشکردن بەوان و لە هەندێ حاڵەتدا کەم-ئەندامبوون بە هۆی ئەوەی ناتوانن ئامرازەکانی کار بە کار بێنن. گێڕانەوەی منداڵانی پیشەدار لەم بازاڕەدا سەبارەت بە مەترسی کارەکەیان بەم شێوەیە:

دانەیەک تازە هاتە ئێرە شیلانەکە درا لە چاوی چای تەقاند، چاوەکانی کوێر بوو ئەو ئێستاش لە نەخۆشخانەیە.

دژوارە؛ لە حەوتی بەیانییەوە هەتا دەی شەو ئیش دەکەم، هەر بە پێوەم، هەر ئاوە، بۆنی کەف هێڵنج بە پیاو دێنێت.

خاوێنی دەکەینەوە، ئۆتومبێلەکەی بۆ گسک دەدەین. هەندێ جار قسەیەک دەپەڕێنن کابرا پێی ناخۆش دەبێ، خاوەن کاریش هەندێ جار بە خراپ هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکات.

زبڵگەڕی: زبڵگەڕی یەکێک لە خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵانە. منداڵان لەم جۆرە کارەدا مەترسی زۆر بە ئەزموون دەکەن. گرینگترینەکەیان بریتییە لە: بڕینی دەست و پەنجەکان بە هۆی بوونی شتی تێژ و بڕێنەری وەکوو دەرزی، شووشە و هتد لە ناو زبڵەکان، دەست خستنە ناو زبڵە پیس و بۆگەنەکان، بۆنکردن بە بۆنی پیسی زبڵدانەکان بەتایبەت هاوین، پیاسەی دوور و درێژ لەگەڵ گواستنەوەی بار یان زبڵ لە سەر شان، بە ئەزموونکردنی جۆرەکانی تۆندوتیژی و بوونە قوربانی تاوان، نیشتەجێبوون لە شوێنی مەترسیدار، کارکردن لە گەرما و سەرما، کاتژمێری کاری دوور و درێژ و ماندوویەتی لە ڕادەبەدەر، چوونە ناو زبڵدان یان چەمانەوە بۆ ناو زبڵدان و یان ئەگەری بە سەردا کەوتنی زبڵدان و لە هەمووی گرینگتر ئەو ئازارە دەروونییەی کە لە ئەنجامی ئەم کارە بە سەریاندا دەسەپێت. گێڕانەوەی هەندێ لە منداڵانی زبڵگەڕ سەبارەت بە مەترسی و دژواری کارەکەیان بەم شێوەیە:

دژواریەکەی ئەوەیە کە خەوت نییە، دەبێ ڕێگەیەکی زۆر بپێوی؛ هەر زبڵ دەکەیتە کۆڵ و هەر بە ڕێوەی.

بۆنی زبڵ و زبڵدان پیاو قڕ دەکات.

ئەستەمییەکەی ئەوەیە لە بەیانییەوە، لە دەی بەیانییەوە هەتا نۆی شەو کار دەکەین. ئینجا بەیانی کاتژمێر شەش لە خەو هەڵدەستین هەتا دە کار دەکەین. ناتوانین سیم کارتێک بکڕین، تەلەفۆن بۆ ماڵەوە بکەین. نایلۆکسێک دەکەیتەوە و دەست دەکەیتە ناوی و پەڕۆی منداڵ دەکەیتەوە دەستت پیس دەبێت.

ئێمە هەموومان دەستمان دەبڕێ، ئەو شتە تیژانە دەستمان دەبڕن، کە دەستیشمان دەبڕێ لەتە کۆتاڵێک کە لە زبڵدانەکەدا دەیدۆزینەوە، بڕینەکەمانی پێ دەبەستین.

ئێستا کە دەچینە سەر زبڵ و شت، ئەم ماسکانە زۆر بوون ئێمەش چوون دەستکێشمان نییە دەستمان لێی دەکەوێت.

یەکێک لە شارەزایانیش سەبارەت بە مەترسییەکانی ئەم کارە دەڵێ:

ژینگەیەکی لەبار نییە، چوونکە کاتژمێری کارییەکەی زۆرە. ناچارن ڕوو بکەنە مادەی هۆشبەر بۆ ئەوەی کاتژمێری کارکردنەکەیان زیاتر بێت. لە بواری زبڵدا بارودۆخی تەندروستی جێی داخە و ئەم منداڵانە چاودێری گشتییان بە سەردا ناکرێ کە لە شەقامەکاندا زۆر کەمترە. لە ناو گاراژەکاندا کە لەگەڵ منداڵەکان قسەمان دەکرد دەیانگوت بارودۆخی ناو کارگەکان زۆر خراپتر بووە. خراپتر لەو بارەوە کە خاوەنکار بە خراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردوون قوڵکەکان لەم بە نیسبەت باشترن.



وێنەیەک لە زبڵە شارییە کۆکراوەکان لە لایەن منداڵانەوە لە گەڕەکی جەننەتاوا (وێنە لە توێژەر)

کارگەی چێو و دارتاشی: ئەو مەترسییە گرینگانەی کە لەم بازاڕەدا هەڕەشە لە منداڵان دەکا بریتییە لە هەڵگرتنی باری قورس، دەنگە دەنگی زۆری شوێنی کار، بڕین و کەمئەندامبوون بە هۆی کار کردن بەو ئامێرانەی کە نازانن بە کاری بێنن.

گێڕانەوەی هەندێ لە منداڵانی ئیشکەر لە کابینەتسازی و مۆبڵسازی لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

ئەگەر ئەم قامکەم بچێتە ژێری، دەقرتێ؛ زۆر زوو دەقرتێ، چوونکە لار و گێڕە. هەر بۆیە سەختە.

جارێکیان زیانی پێگەیاندم، قاچێکم پەڕی.

ئەمانە بەرز دەکەینەوە، دەیخەینە ئێرە، ئەمانە دژوارە.

بەو پێیەی کە ئیشکردن بە هەندێ ئامێر زۆر ئەستەمە و دەتوانێ ببێتە هۆی زیانگەیاندن، هەندێ لە خاوەنکارەکان ئەم بابەتە دەزانن و ئیزنی ئیشکردن بەم ئامێرە بە منداڵەکان نادەن. گێڕانەوەی یەکێ لە منداڵە ئیشکەرەکانی دارتاشی ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

ئامێری دارتاشی کە دەست دەبڕێ، تەلمەی ئەوەش دەکا، سەرەڕای هەموو ئەمانە دەبێ کار بکەین. جارێکیان دەستی براکەمی بڕی؛ هات زبڵەکان فڕێ بدا، دەستی بڕی ... ناهێڵن من زۆر توخنی کەوم، خاوەن کار دەڵێ دەستت دەبڕێت.



وێنەی مێرمنداڵێکی ئیشکەر لە کارگەیەکی چێو لە گەڕەکی سمایلاوا (وێنەی توێژەر گرتوویەتی)

گوڵفرۆشی: یەکێکی دیکە لەو کارانەی کە بۆ منداڵان مەترسیدارە، کارکردن لە بازاڕی گوڵ و یان فرۆشتنی گوڵ لە سەرەڕێکانە. بە گشتی ئەم چەشنە لە چاو کارەکانی دیکە مەترسی کەمترە و بە هۆی ئەوەی منداڵان بە هۆی تۆڕی خزمایەتی ڕاکێشی ئەم کارە بوون، هەمیشە ڕادەیەک لە پاڵپشتی کۆمەڵایەتی وەردەگرن. لەم کارەدا تەنانەت هەندێ جار ئیشکردن بە گوڵ بۆ منداڵان خۆشە و چێژ لەم کارە دەبینن، بەڵام فرۆشتنی گوڵ لە سەر شەقامەکاندا هاوشێوەی کارەکانی دیکە هەندێ مەترسی هەیە. گێڕانەوەی منداڵان لە مەترسی و ئەزموونە ناخۆشەکانیان لەم کارە ئاوەها بوو:

لە گوڵفرۆشیدا هەر لەبەر هەتاوی. تاقەپڕووکێنە.

لێرە دەبێ جێگۆڕکێ بە داشقەکانیش بکەی، ئیتر سەختە.

من گوڵیش دەچێنم. ئەرێوەڵا سەختە.

ئێمە دەبێ کاتژمێر چواری بەیانی لە خەو هەستین. ناخۆشییەکەی ئەوەیە.

خۆشە؛ کاتێک گوڵدانەکان دەگۆڕی، هەستێکی زۆر خۆشی هەیە. بۆ وێنە خۆڵەکەی دەگۆڕی یان گوڵەکەی. لای خۆت دەڵێی کڕیار ئەم گوڵدانە ببات‌ەوە بۆ ماڵەوە تۆ بڵێی چەندە بمێنێت.

ئەنجامی کۆتایی

شێوازی جێبەجێکردنی یاساکان و چاودێریکردن بە سەریاندا، تۆڕی کۆچبەران، هەڵاواردنە ڕەگەزێتی و ئێتنیکییەکان، پەیوەندییەکانی دەسەڵات، نیشتەجێکردن، (شوێنی نیشتەجێبوون) و بەها و ڕوانگەکانە. بە گوێرەی بنەمای یاسای کاری ئێران، کاری منداڵانی ژێر تەمەنی پازدە ساڵ قەدەغەیە، بەڵام ئێمە دەبینین کە ڕێژەیەکی زۆری منداڵانی ژێر تەمەن پازدە ساڵان کار دەکەن. ڕێژەیەکی زۆریان لە کەرتی ئابووری نافەرمی و هەندێکی دیکەیان لە کەرتی فەرمی ئیش دەکەن. وەکوو ئیشکردن لە کارگەی بەرهەمهێنان، کوورەخانەی خشتسازی، دووکانی مادەی خۆراکی، کارخانەی بلوورسازی و شووشەسازی، کارکردن لە کەرتی کشتوکاڵ، بازاڕی گوڵ و گوڵخانە و کاروباری لەم چەشنە. بەڵام بە داخەوە پشکنەرەکانی وەزارەتی کار چاودێری بە سەر ئەمانەدا ناکەن و لە ئەنجامدا خاوەن کاران بە شێوەی کردەیی یاسای کار دەور لێ دەدەنەوە و منداڵانی کار بە کار دێنن. تەنانەت ئەو کاتەی کە پشکنەرەکان بە مەبەستی چاودێری سەردانی شوێنی کار دەکەن، خاوەنکارەکان بە شێوەی جۆراوجۆر منداڵان دەشارنەوە.

تۆڕی کۆچبەرانیش بە لکاندنی خاڵی نێوان سەرەتا و مەبەست، بەستێن بۆ منداڵانی کار خۆش دەکات. وەک دەبینین منداڵانی هەندێ لە ئێتنیکەکان لە هەندێ لە کارەکاندا چالاکترن. بۆ وێنە زبڵگەڕەکان زیاتر خەڵکی هەراتن یان ئەو منداڵانەی کە لە سەوزیخانە ئیش دەکەن خەڵکی پارێزگای کوردستانن. ئەم بەڵگانە گرنگی تۆڕەکانی کۆچ لە لکێنراوبوون بە کار پیشان دەدەن. هەڵاواردنە ئێتنیکی و ڕەگەزێتییەکان یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کارکردنی منداڵانە. بەشێک لە هەڵاواردنە ئێتنیکییەکان لە ژێر کاریگەری هەمان گەشەی ناهاوسەنگە. بەڵام تەنیا لەوەدا سنووردار نابێتەوە. لە ئێراندا هەندێ لە ئێتنیک و ژنان بە هۆی هەڵاواردنی پێکهاتەییەوە دەناڵێنن و دەستیان لە هەندێ هەڵی سیاسی، ئابووری و سەربازی کورت بۆتەوە و یان بینیومانە سەرەڕای ئەوەی کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا ڕێژەی ژنانی سەرپەرشتیاری بنەماڵە یەکجار ڕووی لە هەڵکشان کردووە، ئەوان لە بواری دەستگەیشتن بە دەرفەتەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی پێکهاتەیی زۆر بوونەتەوە و دەبنەوە. ئەنجامی هەڵاواردنە پێکهاتەییەکان سنووردار بوونی دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتەکانە کە ئەمەش هەژاری زێدەتری لێ دەکەوێتەوە. پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیش یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانە. بە هۆی نەبوونی یاسا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان خاوەنکار و کرێکار لە کەرتی نافەرمی و دەور لێدانی یاساکانی لە کەرتەکانی دیکە خاوەنکاران کەڵکاوەژۆیی لە هێزی کار دەکەن و لە ڕاستیدا دەیانچەوسێننەوە. هەروەها پێویستە ئەوەش بکوترێ کە بە باوەڕی بنەماڵەی منداڵانی کار خاوەنکار سەرچاوەی دەسەڵاتە و لە ئەگەری ڕوودانی هەر چەشنە ئازارێک بنەماڵە ماف بە خاوەنکار دەدا و دژی ناوەستێتەوە. بەم پێیە و بە گوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار لە ساڵی 2005، بە شێوەی مامناوەندی ساڵانە 22 هەزار

منداڵ بە هۆی خەسارەتەکانی کارەوە دەمرن.[1] منداڵانی کار، بەدەر لە زیان و خەسارەتی جەستەیی ڕووبەڕووی خەسارەتی دەروونیش دەبنەوە کە ئەم خەسارەتانە چارەسەر ناکرێن و لێکەوتەی قەرەبوونەکراویان لێ دەکەوێتەوە. بۆ وێنە منداڵی کرێکار لە ڕەهەندی ناسینییەوە تووشی لاوازی دەبن و ئەم پرسە کاریگەری لە سەر فێربوونیان، بەتایبەت لە قۆناغی خوێندندا دادەنێت. گەشەی سۆزداری منداڵانیش بە هۆی کار لە بارودۆخی دژواری دەروونیدا تێک دەچێ و زیان بە هەستگەلی وەکوو خاوەن ڕێزبوونی تەواو، متمانە بە خۆبوون، هۆگربوون بە بنەماڵە و عەشق و دۆستایەتیان دەگات. ئەم منداڵانە هەروەها تووشی جۆرەکانی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ دەبن کە تایبەت بە تەمەنیان نییە. و بە بوونی بەرپرسایەتی کاری لە کارگەیەکی بچووک، بە هۆی نەبوونی پەروەردەی پێویست و نەبوونی توانای پلان ڕشتن، لە شوێنی کاردا بەردەوام دڵەڕاوکێیان هەیە کە ئەم دڵەڕاوکێیە هاوڕێی هەتاهەتایی ژیانیانە.

[1] - کەلانتەری، سەمەد ، کیانی، مژدە. (1385). لێکانەوەی بەراوردانەی کاری منداڵان لە ولاتانی پێشکەوتوو ، جیهانی ڕوو لە گەشە. زانیاریەە سیایسییە ئابووریییەکان، 231 – 232 (سەرماوەز و بەفرانبار)، ل 282 – 295.

پێرستی بابەتەکان

امینی، یوسف و امینی، محمد. (1390). بررسی تأثیر پدیده طلاق بر سلامت روانی و عزت نفس دانش آموزان پسر مقطع راهنمایی در شهرستان بوکان.

احمدی، کامیل و همکاران (1400)، ردپای استثمار در جهان کودکی، انتشارات آوی بوف، دانمارک.

ایمان زاده، علی و علیپور، اسریة. (1398). تجربه زیسته کودکان کار شهر تبریز از احساس تنهایی، مطالعات و تحقیقات اجتماعی ایران، 8 (2) ، 279-304.

ایمانی، نفیسه؛ نرسیسیانس، ایملیا (1390). مطالعه انسان شناسانه پدیده کودکان کار خیابانی در شهر کرج. مسائل اجتماعی ایران، 3 (1) ، 7-32.

بخشنده، مجتبی و نیکپور قنواتی، لیلا. (1395). سنگ فرش هر خیابان از طلا نیست. تهران: جامعه شناسان.
تن، الکسیس اس. (1388). نظریه‌ها و پژوهش‌های ارتباط جمعی (ترجمة نعیم بدیعی). تهران: انتشارات همشهری.

تولایی، حسین رفیعی، حسن و بیگلریان، اکبر. (1388). رابطه کار کودک با توسعه انسانی در کشورهای توسعه نیافته و درحال توسعه، رفاه اجتماعی، 9 (35) ، 301-336.

جیمز، آلیسون: جنکس، کریس و پروت، آلن. (1383). جامعه شناسی دوران کودکی (نظریه‌پردازی درباره دوران کودکی) (ترجمه علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم آبادی). تهران: ثالث.

حسینی، سید حسن. (1383). وضعیت کودکان کار و خیابان در اني ان. فصلنامه رفاه اجتماعی، 5 (19)، 155-173.

زنجانی، حبیب الله. (1380). مهاجرت. تهران: سیت. عرب مازاباد یزدی، علی. (1398). اقتصاد غیر رسمی و نابرابری در ایران در آسیب های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1388-1396. ج 2 ص 495-516)، تهران: آگاه.

معیوضی، غلام حسن (1388). سبک زندگی، تلویزیون و مصرف. فصلنامه فرهنگی - دفاعی زنان و خانواده. 5 (16)، 143-167.

کورسا رو، ویلیام ای. (1393). جامعه شناسی کودکی (ترجمة علیرضا کرمانی و مسعود رجبی اردشیری). تهران: ثالث.

لیتل جان و فاس. (1394). نظریه‌های ثابت. تهران: نشر وازرت امور خارجه.

نادری، صلاح الدین. (1393). جامعه شناسی مردم مدار و آزمون نظریه‌کاستلن در عرصه کار کودکان (پژوهش عملی مشارکتی با کودکان افغان در مرکز دوستدار کودک مشتاق).گروه جامعه شناسی دانشکده ادبیات و علوم اجتماعی دانشگاه باهنر کرمان به نقل از انجمن حمایت از حقوق کودکان، 1398، ص 88).

کاستلز، امانوئل (1380). اقتصاد، فرهنگ، مصر ارتباطات، پایان هزاره (ترجمه افشین خاکباز و احمد علیقلیان). جلد السوم، تهران: طرح نو.

الاهیاهی، طاهر. (2002). بررسی اقتصاد ایران. تهران: آریانا قلم .

سەرچاوە لاتینییەکان:

ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016. Geneva: International Labour Organization Geneva.

Unicef. (2002). innocenti digest: Child domestic work.

O'Driscoll, D. (2017). Overview of child labour in the artisanal and small-scale mining sector in Asia and Africa. K4D Helpdesk Report. Brighton, UK: Institute of Development Studies

Ventis, L. (1995). The relationship Between religious and mental health. Journal of Social Issues, 15, 33-44

Cantor, M. (1979). Neighbors and friens: An overlooked resource in the informal support system. Research on agina, 1, 434-463.

Thoits, P. (1982). Conceptual, methodological and theoretical problems in studying social support as a buffer against life stress. Journal of health and Social Behaviors, 23(2),145-159

Grooter, Chiritia and Ravi, Kanbur. (1995). Child Labour: Economic Perspective. *International Labour Review*, 134 (2), 187-203.

Mendevich, Elias. (1979). Child Labour. *International Labour Review*, 118 (5)